13

پەندە پاوەکان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
کاروان عوسمان عەلی

چاپی یەکەم
2009

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

پەندە باوەکان

ئامادەکردنی: کاروان عوسمان

بەرگی سێیەم

سلێمانی.....٢٠٠٩

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە: (٢٢٥)

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : پەندە باوەکان

بابەت: پەندی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: کاروان عوسمان

دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی

شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج

ساڵی چاپ: ٢٠٠٩ سلێمانی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

بەرگ: بەرگی سێیەم

تیراژ : ١٠٠٠دانە

ژمارەی سپاردن: ٨٨٠

ناونیشان: سلێمانی ـ بازاڕی سلێمانی ـ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣), (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێشکەش....

بە نیشتمانە خۆشەویستەکەم، بە کوڵە خۆش بۆکەی باخی گەرمیانم، بە دایکی خۆشەویست و باوکی نازیزم، بەبرای بەڕێز و خوشکی خۆشەویستم، بە هەناسە و سۆزی ناو مالّ و دیوەخانم، بە هەموو نەوانەی یارمەتی منیان داوە لە کتێبەکانم.

بە بەم برا بەڕێزانەم، کە بەردەوام هاوکاریم دەکەن... (مامۆستا نەحمەد محەمەد قادر، مامۆستا ڕزگار فایەق سەعید، سالّح هەڵاج و مامۆستا ابراهیم باجەڵانی خۆشەویست کە کۆمەڵێ پەندی بە زمانی ماچۆیی دامێ).

سورەی یوسف

(نایەتی: ١١١)

پیتی (ا)

* ئۆخەی ئۆخەی بەسمانە، کوڕە کەچەڵ کەسمانە.
* ئۆخەی ئۆخەی گەدایی، جار جار بەکار میایی.
* ئۆف کردن بەدەست دایك و باوکۆ، لە قاپی خودا دوورت ئەخاتۆ.
* ئاخ لە دەستی زەمانە، مەشکە ڕەق و هەمبانە، کەوتینە دەست ئەمانە.
* ئاخر بەچکە گورگ هەر بەگورگ ئەبێ، با لەگەڵ بەشەر پەروەردە بووبێ.
* ئاخر عومر و ئەوەڵ مالّداری.
* ئارد ئەتەقێنێ و قنگ ئەلەقێنێ.
* ئاردی ورد لە مالّی ساحێبیەوە دێتەدەر.
* ئازا ئەو کەسەیە کە لەکاتی تووڕەیی دا هۆشی لە خۆی بێ و نەی قەومێنێ.
* ئازار لە دار و بەرد کەوێت، بەشەر بەرگەی ناگرێت.
* ئازاری دڕکێ، یادی هەزار گوڵت لەبیر ئەباتۆ.
* ئازاری مەدە دڵ قەوم و عەشرەت، لەبەر دڵداری و دڵخۆشی نافرەت.
* ئازیز و کەسێ پەی کەسێ چێشا، هەر کەس بە تەمای ئازیز و وێشا.

* ئاسکی ماندوو نەگرێ.

* ئاسکی نەگیراو زۆرە.

* ئاسمان دوور و زەوی سەخت، چی بکەین لە بەشەر بەدبەخت.

* ئاسمان و ڕێسمانە.

* ئاش بەتاڵ، ئاشەوان بەتاڵ.

* ئاش نانەوە چییە؟ ناکەی و پاکەی و کوناکەی.

* ئاشە و لێنش مەبە.

* ئاشتی کتك و مشك، پرسەی بەقاڵە، دووکان چۆڵ و هۆڵ و خاڵی و بەتاڵە.

* ئاگای لە خشەی مار و مێروو هەس، با غافڵ نەبین یەك نیوە نەفەس.

* ئاگر کەوتەوە وتی: کەس چارم ناکا، ئاو وتی: من، وتی: چاو کاڵ کێ لەتەك تۆیەتی.

* ئاگر و دۆ، باشترە لە شوو.

* ئاگری بن کایە، بۆن بۆسۆی لێ نایە، دزی مااڵخۆ لەبن نایە.

* ئاگری تێ بەربووە.

* ئاغا ژن هەرچی بکا، خزمەتکار هەقی نییە بپرسێ.

* ئاغا و مامۆستا سەرکەن بەیەکا، تەواو ئاوایی نەکەن بەیەکا.

* ئافتاوە لەگان حەوت دەس، شام و نەهار هیچ.
* ئالیکی دوو ولاّخی پێ بەش ناکرێ.
* ئامان، ئامان خانمەکە، دەس ئەسووتێ نان مەکە.
* ئامەیی و ئیقاڵ ڕووی کردە کەسێ، لە دایك و باب و باپیر-ناپرسێ.
* ئانە ولّنە پات نەلۆش پۆرە.
* ئاو خۆی ئەندازەیە.
* ئاو زۆر لە گۆم دا ماوە، ئەگەنێ.
* ئاو کێر بۆ ناودەم پیاو نامەردە.
* ئاو لێڵ ئەکا و ماسی ئەگرێ.
* ئاور تا زووتر بچێت بەدەمییەوە، زووتر ئەکوژێتەوە.
* ئاوی بێ لغاوی خواردوەتۆ.
* ئاوی دوای هەنار، وەك ژەهری مارە.
* ئاوی زۆر ئاوی کەم نەبات.
* ئاوی کەللە و پێت ئەنێمە دار.
* ئای لە دەس بەخت و تاڵەی ناخاسم، لە ئەزەل کۆتا بڕیا لیباسم.
* ئای لە دڵەکەم چەن بێ عارە، دایم وە تەمای ژنی شووداڕە.
* ئاین بەدینار دەفرۆشێ.

* ئەبێ هەر بەری بچیتە ژێر خاك، جوابی خۆت بەیتەوە بەخراپ و چاك.
* ئەترێ و ئەڵێ بیست و شەشی مانگە.
* ئەجەل ناواتی بۆ لێو ناوان، بەنە لە بەنە ئەگرێ ناوان.
* ئەڕۆی بۆ قاوەتی، ناوێ لەوێ دایکوتی.
* ئەرز نییە سیو سیوەی دەرگای لێ ئەگیرابێ.
* ئەرێ پایزە برا چۆنی؟
* ئەستێرەی سیوەیل هەر لە تۆ هەڵنایە.
* ئەستێرەی لە ئاسمانا داچۆڕاوە.
* ئەسپ بە ڕاکردن، ئالیکی خۆی زیاد ئەکا.
* ئەسپ پێیەکی ڕەنجە، پێیەکی گەنجە.
* ئەسپ سەیری سواری سەر پشتی خۆی ئەکا.
* ئەسپ و هێستر لەقە لەیەك نادەن، لەبەر ئەوە قەومن.
* ئەسپت مەیەنە، لنگش ئەیچەنە.
* ئەسپێ بە چل ساڵ تەعلیم بدرێ، بۆ مەیدانی قیامەت چاکە.
* ئەسپی پێشەکەش، دەمی ناکرێتۆ.
* ئەسپی خێرا لە خەندەقا ئەمرێ.
* ئەسپی دیاری، کەس سەیری دەم و دگانی ناکا.

* ئەسپی شێ یان ئەتڕێ، یا ئەفڕێ.
* ئەسپی چاك خۆی ئالیك بۆ خۆی زیاد ئەکا.
* ئەسپی چاك شوولێکی بەسە.
* ئەسپی لەڕ، لە تەوێڵەیە کەر باشترە.
* ئەگەر ئەتەوێ زوو بەزوو بمری، بەی بخۆ بەناشتاو سێویش بەتێری.
* ئەگەر ئەتەوێ نەکەوێ کۆست، ڕاز و نیازت مەڵێ لەلای دۆست.
* ئەگەر ئەترسی لە خوا بترسە، کە لەو نەترسی لە کەس مەترسە.
* ئەگەر ببم بەکلاۆ فرۆش، مەردمی بێ سەر لە دایك ئەبێ.
* ئەگەر بەختەکەم چاك و خاس نەبوو، نیشانەی چەپم لای ڕاست ئەبوو.
* ئەگەر بەکوز بوایە، بووك زاوای ئەگا.
* ئەگەر بەلای ئێوەوە ڕوو ڕەشم، بەلای خواوە من ڕووگەشم.
* ئەگەر برسیتە پێخۆرت بۆ چەس، ئەگەر خەوت دێ، ژوور سەرت بۆ چەس.
* ئەگەر بڕوا ئەکەی بەمنی فەقیر، بە عەشقی ژنۆ خۆت مەکە زنجیر.
* ئەگەر بزن بێتە مردن، چەقۆی بۆ دەسوون.
* ئەگەر بووی بەڕێوی سیرمی، کلاشەکەم بخۆ.
* ئەگەر تۆ دوڕی من دوڕناسم، ئەگەر تۆ تیغی من ئەڵماسم.

* ئەگەر تۆ نەبی لە مالّما، سەگ نەترێ بەحالّما.
* ئەگەر تۆ یەک مەنی، من دوو مەنم، بێجگە لە ساقی گەردنم.
* ئەگەر تۆش نەبی بەیارم، خوا خۆی ئەسازێنێ کارم.
* ئەگەر پیاو سەری لێ بشێوێ، دەبێتە چەقەنەی ناشێ.
* ئەگەر حەکیمی سەر خۆت دەواکە، جا ئیتر دەوا بۆ خەلّک پەیاکە.
* ئەگەر حەیوان تینی بێ، فیکەی بۆچییە.
* ئەگەر خاوەن مەڕ نە ئەمرد، با گورگ مەڕی بخواردایە.
* ئەگەر خوا بیدا، لە خەتێ ئەیدا.
* ئەگەر دایە کونە بایە، ئەگەر خوشکە، وەک دووپشکە.
* ئەگەر دەلاّتت نەبوو، بە دۆستی دایکت بلێ خالّۆ.
* ئەگەر دەولّەمەند بی، دوژمنیشت هەر دۆستە.
* ئەگەر دنیا ئاو بیبا، لە خۆشی خۆی ناکەوێ.
* ئەگەر دوژمن خۆیشی بکا بە ئامۆزا و میمزا، هەر دوژمنە.
* ئەگەر ڕووی خۆشە ئاغای بێ ڕیشم، ڕێک و پێک ئەبێ کول کار و نیشم.
* ئەگەر شەرمنی، بێژنگێ بگرە ڕووتەوە.
* ئەگەر شووکردن لەبەر نان ئەبوو، ژن لە مالّ باوانیا نان قات نەبوو.
* ئەگەر شێت بوومایە، زنجیر ئەکرام.

* ئەگەر چوویتە ناو نزاری، لادە لە چەوت و خواری.
* ئەگەر گورگ نەبێ، سەگ گەل ئەمان خۆن.
* ئەگەر فەقیر بکا قسەی فیردەوسی، دەڵێن ئەی فەقیر تۆ زۆر ئەتسی.
* ئەگەر قسەت کرد و بردتە سەر، فیلە تەنی، ئەگەر قسەت کرد و نەت برد سەر، ماکەری تەڕەزەنی.
* ئەگەر کاوێژی کرایێ، گۆشتی بۆ خواردن نەبوو.
* ئەگەر کەس نەیخواستم، شوو نەکەم بەتۆ.
* ئەگەر کەڵ کوڕی کەڵ وا لەهەرە، ئەگەر ژنخوازی دەس لەماڵ بەردە.
* ئەگەر کڕیار هات، دوکان والاکە.
* ئەگەر لاو بی و ڕووت بی، لەناو گەلا نابووتی.
* ئەگەر لە کەریش کەوێ، لە کوندە ناکەوێ.
* ئەگەر ماڵم هەبێ، بەدەورما کلاڤە ئەکەن.
* ئەگەر مردن نەبوایە، تۆ نە ئەبووی بە پاشا.
* ئەگەر من گوتم: دادە، تۆ بڵێ: کاکە، تا خەڵکی بڵێن: چەن دڵیان پاکە.
* ئەگەر من مردم وەی ئازارەوە، یاخوا گلاڤە منت وە دارەوە.
* ئەگەر موو بە بەخت نەبوو، بزن لەسەر تەخت نەبوو.
* ئەگەر نابەدڵی، خاڵۆ وەڵەدی.

* ئەگەر ناتوانی بگەزی، هەرگیز دگانت دەرمەخە.

* ئەگەر نازانی هەوار بگری، برۆرە هەواره کۆنەی دەولّەمەندێك.

* ئەگەر نازانی، بکرە جوانی.

* ئەگەر نان گەنمان نەخواردە، خۆ بەدەس خەلّکەوە دیمانە.

* ئەگەر نەگبەتی بێتە شانە، گوو تێتە خوارۆ بەلاڕانا.

* ئەگەر هەر هیچ نازانی، گۆچان هەلّگرە بۆ شوانی.

* ئەگەر هەیە چشت و مشت، قەومین هەتا پشتەلّ پشت، ئەگەر نییە چشت و مشت، گورزان و مڕ و مشت.

* ئەقلّ سووك و باری گران.

* ئەقلّ لە دایك و باوك چاکترە.

* ئەلّێن ژنێ کە زووتر حیز بووبێ، کە پیر بوو ئەبێ بەدەلاّلّ لە بەینی دوو نامەحرەما.

* ئەلّێن: مەیمون بەچکەی خۆی لا وەك ئاسکە.

* ئەلّێی ئاگر بن کایە.

* ئەلّێی ئاو زەم زەمە.

* ئەلّێی ئەسپێی کەونە کراسە.

* ئەلّێی بێ خاوەنە.

* ئەلّێی تەقەی سەر بووکە.

* ئەڵێی تەماتەیە بە هەموو شتێکەوە ئەخوریّ.
* ئەڵێی ترێی کشمیریە.
* ئەڵێی تفیان کردۆتە دەمییەوە.
* ئەڵێی تورکە.
* ئەڵێی پشیلەی حەوت ڕۆحە.
* ئەڵێی پێ لەسەر هێلکە دادەنێ.
* ئەڵێی پیرەژنی دۆ ڕژاوی.
* ئەڵێی جیوە کراوەتە قنگییەوە.
* ئەڵێی حاجی لەق لەقە.
* ئەڵێی حەمامی ژنانەیە.
* ئەڵێی حەنەکەلاّ گیز گیزەیە.
* ئەڵێی دایکی مردووە، ئەوەندە پەشێوە.
* ئەڵێی دەم و چاو پیاو پیرە.
* ئەڵێی دێوەخانەکەی قۆڵتا ناغایە.
* ئەڵێی ڕاوچییە و تانجییەکەی مردووە.
* ئەڵێی سەگی دەرزی خواردووە.
* ئەڵێی سیسەرك ناو گووە.
* ئەڵێی سیسەرك نیوە شەوە.

* ئەڵێی سیسەرکە و ناو گوو دەرچووە.
* ئەڵێی چیخ چەرمییە.
* ئەڵێی گایە هەر مل ئەنا.
* ئەڵێی گوونە لە هاویندا.
* ئەڵێی گوونە لەزستانا.
* ئەڵێی قورباقە "بزق"ی چاو دەرپزقیوە.
* ئەڵێی کزڵاڕدمە، دایە کلکی هاوەسەر شانییەوە.
* ئەڵێی کاسەی کاولی ناو بردوویەتی.
* ئەڵێی کەری جووتیاری، هەر قووتە قووت ئەکەی.
* ئەڵێی کچی چواردە سالانە.
* ئەڵێی کلکە نەوتینەیە.
* ئەڵێی کوز بێ ناوە.
* ئەڵێی کوز بێ کێرە دەمی داچەقاندووە.
* ئەڵێی کوز تێر کێرە.
* ئەڵێی کوز پیرەژنە.
* ئەڵێی کوز خانەدانە "قەچەیە".
* ئەڵێی کوز مردووە.
* ئەڵێی کوزە کەمتیاری پێوەیە.

* ئەڵێی کوزی بێ پەردەیە.
* ئەڵێی کێر پیاو پیرە.
* ئەڵێی لەسەر ئاخوڕ ئاژەڵ بەستراوەتەوە.
* ئەڵێی مارە بەدەم مارخۆرەوە زیرەی تێ.
* ئەڵێی مانگا وە کەڵە.
* ئەڵێی مەڕە و لە دەمی گورگ بەر بووە.
* ئەڵێی مەیموونی بێ پاسە.
* ئەڵێی هەنگی لە قوڕۆڵە گوێز دا دۆزیوەتۆ.
* ئەڵێی هێلکەی دوو زەردێنەی بۆ کردووین.
* ئەم دەهۆڵ و زووڕنایە بۆ خەتەنە سوورانی من نەبوو.
* ئەم ڕۆژگارە ئەوەندە لار و ناپارە، هەتا بمێنێ خۆزگە بەپارە.
* ئەم ڕێگەیە لەڕ کێشە.
* ئەم شێر و ڕێوییە بۆ من مەخوێنە.
* ئەم گووە هی گەمە نییە.
* ئەم قوورە کێڵەیە نەبێ بیکێڵین.
* ئەمە تەکێیە، کێ لە کێیە؟
* ئەمە ڕۆڵەی کێیە، خۆزگەم پێیە؟
* ئەمسەر کەری، ئەوسەر کەری، پارە کەری، پینە کەری.

* ئەو ئاوەی کردتە ناو شیر، ببوو بەلافاو و بردی مانگای پیر.
* ئەو دوور ولاّتە بەناو ژنەفتم، خوا کارێکی کرد شەو تیایا خەوتم.
* ئەو سیرە لە سمێڵی من مەدە.
* ئەو کەسە دەوڵەمەندە کە چاوەڕوانی کەسێکی تر نەبێ.
* ئەو کەسە گیان ئەدا، هەر ئەو کەسەش گیان ئەکێشێ.
* ئەو مارەی تۆ لێی دەترسای من تۆپاندمە.
* ئەوان کارد و پەنێرن.
* ئەوان ناسوپاس و نیعمەت بڕن.
* ئەوانە ئەڵێی کەر و خۆڵەمێشن.
* ئەوانە بەدەم دۆس و بەدڵ کۆسن.
* ئەوانە سەر و قنگ لە کلاّشێکن، با ڕەنگاو ڕەنگن، لە قوماشێکن.
* ئەوانە قسەیان لە یەک هەڵنەبەزێت، وەلێ لە یەک نادەن.
* ئەوانە نانیان وا لە تۆشە بەردێکا، بە یەکۆ ئەیخۆن.
* ئەوانە هەموویان جاش کەرێکن، بەیەک ساڵ دوو ساڵ فەرقیان هەیە.
* ئەوانە وەکو سەگن، لە یەک ناکەن.
* ئەوە بەهارە وەختی جۆ زەردە، کێر چی مەخستە شەو ئاو بەردە.
* ئەوە دەرزی و فەرموو جنۆکەیەکم بۆ بگرە.
* ئەوەمانگا بەخێو بکا، پاوپلی نەبێ بەڕێخەوە.

* ئەوەنە بڕۆرە باوان، جلی ژێرت بپاوان.
* ئەوەنە بێسە تا گیا لە ژێر پێتا سەوز ئەبێ.
* ئەوەنە دڕێژە، ئەڵێی پلەکانەی جەجاڵە.
* ئەوەنە سەرمامە خەریکە پەڕ دەرنەکەم.
* ئەوەنە کەر بە، پێی ئیدارە بکەی.
* ئەوەنە کێشی خۆت بێرۆ نەبڕێی.
* ئەوەنە ناسازە، لەگەڵ سێبەر خۆیشیا شەڕ ئەکا.
* ئەوەنە وشك مەبە بشکێی.
* ئەوەندەت لێ ئەدەم بەکەر بڵێی خاڵۆ، بەمەوج و جاجم نەبرێیتە مااڵۆ.
* ئەوەی بەچاکە ڕاهاتبێ، کاری خراپەی بەلاوە گرانە.
* ئەوەی بچێتە پێشەوە، ئەبێ بچێتە گۆڕیشەوە.
* ئەوەی تۆزرا، بەگوو شۆزرا.
* ئەوەی جوانە، بەش هەتیوانە.
* ئەوەی خۆی بداتە دەم ئاومااڵکەوە، ئاو دەیبا.
* ئەوەی خوا ئەیکا بە ساتێ، بەسەد ساڵ فکری نێمەی ناگاتێ.
* ئەوەی دڕك بااڵۆ بکاتەوە، ئەبێ خۆی بەسەریا بڕوا.
* ئەوەی دزی بکا، حیزیش ئەکا.
* ئەوەی زۆر بخەوێ، ڕووناکی کەم ئەبینێ.

* ئەوەی گەڕا، مێشکی زڕا.
* ئەوەی کە چاکە بۆ دنیا و دین، پێمان عەتاکا ڕەبولعالەمین.
* ئەوەی کلاّش دوور ئەیزانێ، کلاّش لە پێ نایزانێ.
* ئەوەی لە خوا غافڵە، بێ شك کوول و کافرە.
* ئەوەی لە دز مایەوە، بەر فڵچی کەوت.
* ئەوەی لە سووریم دۆڕاندووە، لەکایەی تێ هەڵبێنمەوە.
* ئەوەی لە شێر بێنێتەوە، کەمتیار ئەیخوا.
* ئەوەی لە هەواران هەڵڕوانێ، زاری لە پیسایی ڕادەچێ.
* ئەوەی لەگەڵ بووك دەکرێ، لەگەڵ بەربووك دا ناکرێ.
* ئەوەی ماسی بگرێ، لە قنگ تەڕبوون ناترسێ.
* ئەوەی مردنی دیبێ، بە گرانەتا ڕەزایە.
* ئەوەی من ئەیزانم تۆ نایزانی، ئەوەی تۆ ئەیزانی من باش ئەیزانم.
* ئەوجا ئەزانی فەسڵ خۆش ئەبێ، دار گەلاّ ئەکا و بەمۆ ڕەش ئەبێ.
* ئەوجا نۆرەی شەمێیە، تەوشی دوو دەمی پێیە.
* ئەوسا زەمانە، زەمانەی دڵ بێ، هەر کەس بێ دڵ بێ، لای خەڵکی ماتڵ بێ.

* ئەوسا زەمانە، زەمانەی دین بوو، ئەوەی زەلیل بوو، تەنیا بێ دین بوو.
* ئەیەوێ ڕێسەکەم لێ بکاتەوە بەخووری.
* ئەیەوێ شانەکە لەسەر من دا بشکێنێ.
* ئی درنگ و دانگە چەس؟ ئەو حیلك و حاکە چەس؟
* ئێسقان کڕاندنەوەی کردۆتە پیشە.
* ئێسك بگاتە دەمی سەگ، بەکەس لێی ناسەندرێ.
* ئیشی ئەمڕۆ مەیخەرە سبەی.
* ئیشی بەپەلە، خاوەنی شەلە.
* ئیشی بەپینە و پەڕۆ هەر دەگاتە نیوەڕۆ.
* ئیشی دایك و باوك داری ئەوێ.
* ئێشی دگان بەخەو ناشکێت.
* ئیمان لەلای ئینسانی بەغیرەتە.
* ئێمە لەکین، کلاّش چەکین، چوین یەکین.
* ئینسانی نا سوپاس کەم ڕزق و بێ ڕۆزییە.
* ئێوە لافاون و ئێمەش چەوی ڕۆخانە.

پیتی (ب)

* بۆ ئاگریان تێ بەرداوە؟
* بۆ نێمە لە باوەژن دەکەی؟
* بۆ بەرخی هەژار، چ گورگ و چ سوار.
* بۆ بولبولی ناو قەفەزم؟
* بۆ پەنجەی تێ گڕ دەدەی؟
* بۆ پوورم دەنگی نییە؟ وتیان: هاودەنگی نییە.
* بۆ پیاو قاتە؟
* بۆ پیران ناوێك بەسە، بۆ زستان شەوێك بەسە، بۆ پیاو ژنێك بەسە.
* بۆ پێم بەسراوە؟
* بۆ جەڕەیە ئاو، بارگیرێکی خنکاند!
* بۆ خەڵك مااڵ دەکا و بۆ نێمە مااڵە قڵێ؟
* بۆ خەمخانەم داناوە؟
* بۆ دانا چ بەرد و چی زێڕ.
* بۆ دەسماڵێك قەیسەرییەك ناور نەدا.
* بۆ گوێز ناشێت لە ڕەنگ بدوێیت.
* بۆ گیانی من گیای بەهارە.

* بۆ قژ بەسەر بڕاوە؟
* بۆ کاروان سەرایە؟
* بۆ کەرم کەوتۆتە قوڕەوە؟
* بۆ کەس شین نابێ داری بریایە، مردن زۆر هەقە پیری نەبوایە.
* بۆ کەسێ بگیرە لەماڵ دەرئەچێ و نازانێ بۆچی دەرئەچێ.
* بۆ کەسێ بمرە پەرێت مەردە بۆ، ئەو لە تۆ زیاتر ئیمان هەردە بۆ.
* بۆ لە سێبەری بن ئەشکەوت دانیشتووم؟
* بۆ مەلا لە مزگەوت زۆرە.
* بۆ میشکی کەرم خواردووە؟
* بۆ ناشتنی مردوو، هەموو خاکێك موناسیبە.
* بۆ نانێك مالّی خۆی جیا ئەکاتەوە.
* بۆ هاتنە ناو ژینی ئەم دنیایە، یەك ڕێگا هەیە، بەلاّم بۆ مردن هەزار.
* بۆ هاری هەر دەباری.
* بۆ هەر کوێ ئەڕۆن ببەن سەوقاتی، مەحەببەت هەردووی پێ ئەبێ قاتی.
* بۆ هەناران سێ پەل، بۆ هەنجیران سەد پەل.
* بۆ یەکێ بگیرە ڕۆژی دیناریّکی هەبێ و سێ دینار خەرج بکات.

* بۆخرە و مەورە.

* بۆر بۆرم کرد نەهاتی، ئاخری خۆت بەپای خۆت هاتی.

* بۆچی تۆڵەکەی بەهارە؟

* بۆچی عەقڵ کارێك بکات پەشیمانی بەدواوە بێت.

* بۆق (قوڕباقە) بەقیرە قەوی نابێ.

* بۆقێ دەقیرێنێ، دەمی پڕ لە با بێ.

* بۆن بکە بە بەرۆکی خۆتەوە.

* بۆن تس خۆی ناکا.

* بۆن تسی وە عەرز ناکەوێ.

* بۆنگووسە بالاّی چل مەتر....

* بۆنی تس لە مالّەکەی نایە، داوای کچی نارنجۆك ئەکا.

* بۆنی کڕووز لەناو شانت نەبڕێ.

* بۆی تێکە و چاوی لێکە!

* بۆی کالّەك بچێ بەسەر هەویرا، ئەزانێ و شل نەبێتۆ.

* بۆی لێدەن دەهۆڵی دڕاوە.

* با ئیتر لە قوول و مەلیش نەبین.

* با بەرخ مێ بێ، با زەردەر لە شوان بکەوێ.

* با بێت شەن ددکات...باران بێت ناش دەخاتە گەڕ.

* با دەستی لە قنگمان بێتەوە.
* با زۆریش بزانی، لەگەڵ کلاوەکەتدا مەشوەرەت بکە.
* با گووت لەکێرمان بێتەوە.
* با لە سەوەتە.
* با لە کەوێوە دێ، نەو لە کوێوە شەن نەکا.
* با مەکە بە پاژنەیا.
* با هەر بترێ و بدا بەپۆیەوە.
* با هەر لە کولمی خۆی بدا.
* با وتەت کورت و کۆتا بێ، بەو شەرتەی پوخت و مەرامی تیا بێ.
* با، خوا نییە، بەلام لەزاتی خواوە نزیکە.
* بابووغلییە.
* باجی باجیمە، کاری ناعیلاجیمە.
* باخ بەبێ پەرژین زینەتی نییە، کچ بەبێ باوان قیمەتی نییە.
* باخەوان باخی بۆ خۆی دانانێ.
* بار لە باج نانالێنێ.
* بار لە بارگە نالەنگێ.
* باران نەباری زەوی نەشۆرێت، کیسەڵ گان نەکا و ڕێوی نەتۆرێت.
* باران لە سامان نابارێ.

* بارانێ کەمە و دوو باران زۆرە.
* بارگیر هەر یەك نەفەسە و ئەبەزێ.
* باری گەورە، حوشتر دەیبا.
* باری لار بە مەنزڵ ناگا.
* باز لە بواردا ئەگیرێت.
* باز هەڵدە، باز ئەگری.
* باز وتوویەتی: ئەگەر هاوڕێم حەرام خۆر نەبوایە، کەرم بە کورتانەوە هەڵنەگرت.
* بازاڕ تیژی خۆت بەسەر منۆ مەکە.
* بازاڕم کەساس سەودام بەنەن، دونیام تەواو بوو فرسەت نەمەنەن.
* بازاڕی گەرمە.
* بازنگ ئالتوون وا لە دەس ڕەنگینا.
* بازی بەرانانە.
* باشم کرد نەڵێی: باشم کرد، ئەگەر خراپیشت کرد نەڵێی: خوا کردی.
* باشی خۆمان بۆ خۆمان، خراپی خۆمان بۆ خۆمان.
* باشی و بووشی خۆت بەسەر منەوە مەکە.
* بانە نە بەڕۆژە.
* بانەکەی تەتە، ژێرەکەی خۆڵە پەتە.

* با دەستی لە قنگمان بێتەوە.
* با زۆریش بزانی، لەگەڵ کلاوەکەتدا مەشوەرەت بکە.
* با گووت لەکێرمان بێتەوە.
* با لە سەوەتە.
* با لە کەوێوە دێ، نەو لە کوێوە شەن نەکا.
* با مەکە بە پاژنەیا.
* با هەر بترێ و بدا بەپۆیەوە.
* با هەر لە کولمی خۆی بدا.
* با وتەت کورت و کۆتا بێ، بەو شەرتەی پوخت و مەرامی تیا بێ.
* با، خوا نییە، بەلام لەزاتی خواوە نزیکە.
* بابووغلییە.
* باجی باجیمە، کاری ناعیلاجیمە.
* باخ بەبێ پەرژین زینەتی نییە، کچ بەبێ باوان قیمەتی نییە.
* باخەوان باخی بۆ خۆی دانانێ.
* بار لە باج نانالێنێ.
* بار لە بارگە نالەنگێ.
* باران نەباری زەوی نەشۆرێت، کیسەڵ گان نەکا و رێوی نەتۆرێت.
* باران لە سامان ناباری.

* بارانێ کەمە و دوو باران زۆرە.
* بارگیر هەر یەك نەفەسە و نەبەزێ.
* باری گەورە، حوشتر دەیبا.
* باری لار بە مەنزڵ ناگا.
* باز لە بواردا نەگیرێت.
* باز هەڵدە، باز نەگری.
* باز وتوویەتی: نەگەر هاوڕێم حەرام خۆر نەبوایە، کەرم بە کورتانەوە هەڵنەگرت.
* بازاڕ تیژی خۆت بەسەر منۆ مەکە.
* بازاڕم کەساس سەودام بەنەن، دونیام تەواو بوو فرسەت نەمەنەن.
* بازاڕی گەرمە.
* بازنگ ئالتوون وا لە دەس ڕەنگینا.
* بازی بەرانانە.
* باشم کرد نەڵێی: باشم کرد، نەگەر خراپیشت کرد نەڵێی: خوا کردی.
* باشی خۆمان بۆ خۆمان، خراپی خۆمان بۆ خۆمان.
* باشی و بووشی خۆت بەسەر منەوە مەکە.
* بانە نە بەڕۆژە.
* بانەکەی تەتە، ژێردەکەی خۆڵە پەتە.

* باوان قیبلەیە پشتی تێ مەکە، بڕوا بەدۆستی بێگانە مەکە.
* باوك وەك بەلاس، دایك وەك قەزاس، ژنی جوان نیعمەتی خواس.
* باوکم کوژرا، چ بەشیر چ بەتیر.
* باوکمان برایە، بەلام من لە تۆ بەگزادەترم.
* باوکی باوکم کوتەڵە بەراز، دەرمانی چاو و کراس.
* باوکی فیل سوواڕە.
* باوکی قسە زانم ڕۆ، ئەی کەس بەقسەی نەکرد، نەوەڵلاّ، ئەی با بۆ خۆی بڕێسێ.
* بایە و بەگوێی دا دەچێ.
* بایەکی لێ دەرچێ هاوسێکانی پێی نەزانن.
* ببێ بەپرد، پێی لێ نانێم.
* بە "کا"ی کۆنەدا دەڕوانێ.
* بە ناخر پیری، نارد جۆ نەکا بە نان تیری.
* بە ناگری خەڵکی خۆت مەسووتێنە.
* بە باشە باشە، تەڕاشی کردە ناشە.
* بە تەجروبەی من حەق سەرنەکەوێ، هیچ نییە بەسەر حەقا سەرکەوێ.
* بە تەمای شیر مانگا بازووە.

* بە تەمای فڕۆی مانگا بازە.
* بە تەمای یار، مام لە هەوار.
* بە تڕی خۆی پێ دەکەنێ.
* بە تس شوێن خەرمان نەمالێت.
* بە پەتی خەڵکی خۆت مەخنکێنە.
* بە پنە و تیرۆکی خۆمانەوە هاتووین.
* بە پیری زەنگوڵ بەکێری.
* بە جارێ دوو تەون مەگرە دار.
* بە جوانی جوان و بەرزە دەماخی، بەپیری خەریك خەفەت و داخی.
* بە حوشتریان وت: لەکوێ بووی؟، وتی: لە حەمام، وتیان: بەقاپ و قوولە ڕێهاویەکەتەوە دیارە.
* بە خاسە خاسە، گووی کردە کاسە، لایدا لە حەق و هەر باوی خاسە.
* بە خاڵۆ خاڵۆ هاتە لامۆ، بوو بەمار و دای بەپامۆ.
* بە دۆسی دۆسی ئەکەنێ پۆسی، فەرق ناکا بۆ ئەو دوژمن و دۆسی.
* بە دۆمیان وت: کوزت ڕەشە، وتی: سەرم بخوا لەوە زیاتر شك نابەم.
* بە داخی تۆوە سەری نایەوە.
* بە دەردی خۆتەوە داکەفە.
* بە دەستمایەی خۆتا بڕوانە نەك بەهەڵە و خەرجی دراوسێکەتا.

* بە دەم خۆت تیکە نەجاوی!
* بە دەم خۆت قسەی خۆت بکە و بەگوێی خۆت بیبیسە.
* بە دەم خۆت هێلانەت تێك مەدە.
* بە دەم شێرەوە دەڕوا.
* بە دەمێ دوعا بکە، دەمێ گوناهت پێ نەکردبێ.
* بە دەمی کێدا بیساوم؟
* بە دوعای کەس نەهاوتووینە دنیاوە، تا بەنەفرین کەس برۆینەوە.
* بە سەد شەیتان لە رێ دەرناچێ.
* بە سەر دۆستن، بەدڵ کۆستن.
* بە سەر سفرەی باوك و دایکییەوە گەورە نەبووە.
* بە سەوزی دەیخۆن.
* بە سکێ تێر، بەدووان برسی.
* بە شوێن دزا برۆ لێت هەڵنەگەڕێتەوە.
* بە شێوەیە نەدڕاوە پینە بکرێ.
* بە چاکی گوێ بگرە لەم دەنگ و باسە، بێ ژنی تەنیا بۆ خودا خاسە.
* بە چاو خەوتوو، بەدڵ وریا، هەتا هەستا، کەرەکەی بریا.
* بە چاوی سووك مەڕوانە بۆ کەس، با حورمەت دار بی لەلای هەموو کەس.

* بە گەنجی مەستی، بەپیری سستی، کەنگێ دەکەی خوا پەرستی.
* بە فەلەك دەڵێ وەلەك.
* بە قسەی مەلا بکە، بەلاّم بەکردەوەی مەکە.
* بە قلیانی تاڵ، بەچاییەك تاڵ، ناشنایەتی بگرە لە بۆ هەزار ساڵ.
* بە کەولّە ڕێوی خۆی کردە قەساو.
* بە کچە هەورامیان وت: بۆ هەر کەسێ دێ ماچت نەکا؟ وتی: پێم شەرمە بڵێم: مەکە.
* بە کفتە دەڵێ فڵتە.
* بە کلکی بەرداش دەسووڕێنێ.
* بە کێری خەڵك گان دەکا.
* بە لێو دەخورێ.
* بە مێگەلیان وت: یاخوا شوانەکەت بمرێ، وتی: خاوەنیشم بمرێ بێ شوان نامێنمەوە.
* بە مێکوت بدە لەسەری، پوولێ لە دەستی دەرتاچێ.
* بە مێوژ سمێڵی بادەدا.
* بەبۆنەی مەرام خۆیەوە، قنگ قاترەکەی ماچ نەکا.
* بەبێ ئەو پەنجە بە ناودا ناکا.
* بەبێ بوار لە ناودا.

* بەبێ پەردە قسەی کرد.

* بەبێ خوێ دەیلێسێ.

* بەپێی خۆی بەرەو مردن دەڕوا.

* بەختت نەبێ، قەدرت نییە.

* بەختەکەی میم شاری، گوو لە دیواری.

* بەختی تیژە، نۆبەرەی کیژە.

* بەختێ لە ئەزەل سیا چارە بێ، لێی گەڕێ هەر وا با ناوارە بێ.

* بەر پای خۆی نابینێ.

* بەر گوێرەکە پاك ئەکاتەوە.

* بەر لە باوك مردوو شیوەن دەکا.

* بەڕۆژوو نیم ژینم واسە، خواردنم خەمە و بەرگم پلاسە.

* بەراتەکەت بکە بەداڕووجان.

* بەراز هێلکە ناکا، ئەگەر کردی چی!؟

* بەرانەکە هی خۆمانە، یان بەرانەکە لە خۆمانە.

* بەڕەی خۆت هەرگیز مەخە ژێر خەڵکی، ئەگەر پیاوێکی ژیر و بە کەڵکی.

* بەڕەی خەڵکی، دەبێ لە سەری هەستی.

* بەرخ بەران لە کلێنجەی دیارد.

* بەرخی دوو دایکە.

* بەرخی نێر بێ خەمەن.

* بەرخی نێرە.

* بەرخی یاری نەکا.

* بەرخی!

* بەرد فڕێ مەدە تاریکی.

* بەرد لە شوێنی خۆی هەڵ بکەنی، تا شوێنی خۆی بگرێتەوە، هەیهاتێکی نەوێ.

* بەرد لە شوێنی خۆیا قورسە.

* بەردێ بەدەستی چەپ بیوەشێنی، دەدا لە قاپ و قوول.

* بەردی خڕ لە کەڵەك بەن نابێ.

* بەردی زل لە نزیکەوە دێ.

* بەردی گەورە بە بەردی بچووك دەوێسێ.

* بەرچاوی تەنگە.

* بەرچاوی تێرە.

* بەرگی فەقیر درا.

* بەرلەوەی باران ببارێت، دڵۆپەی بانەکەت بگرێنەوە.

* بەرمالّی لە چۆمی هاویشت.

* بەری ناودا، جوجەڵەی قاودا.
* بەزوان شێر دەکاتە ڕێوی.
* بەشەر لە بەرد سەختترە و لە گوڵ ناسکترە.
* بەچکە گەدا مەخەرە تەما، بەچڵێ کەما دێتە سەما.
* بەچکەی گورگ ئەبێتە گورگ.
* بەگوێرەی هات و چوونی هەناسە، خوا لایەقی شوکر و سووپاسە.
* بەفر خڕ ئەبێتەوە، بە فوویەك ئەتوێتەوە.
* بەفرەکەی کوێستان، هەر لێرە چووەتەوە.
* بەقا ببەستەوە بە موو، بەڵام مەیبەستە بە شوو.
* بەم قسە نالێم نامین.
* بەمنی ڕێسا و بەمنیشی بادا، کردیە جاجم و بەخۆیدادا.
* بەن بڕی دگانە.
* بەنە و تاقەت، نەك بەنە و مەترەق.
* بەهار بۆیە پیاو لەبەر خەو گێژە، چونکە شەو کورتە و ڕۆژگار درێژە.
* بەهار بەهەشتی نێرکەرە.
* بخۆ گۆشتی پیرە کەرێ، هەڵمەگرە منەتی سەر کۆنە کەرێ.
* بخۆ و بلەرزە.
* بخۆی سەری بەرانێ، ناگرێ جێی نانێ.

* بدەن لە تەختە، حیزیش بە بەختە.
* برا خۆش بێ بۆ براژن، لەبەر تانەی دۆست و دوژمن.
* برا کە بمرێت، پشتی برا نەشکێ.
* برا لە مردن برا حەز ناکا، بەلآم حەز لە دەس کورتی نەکا.
* برام بوو بە مەلیك، من چی؟ بۆ ژنییەتی.
* برانە بۆ شەت.
* برای باوەژن، نە دۆستە نە دوژمن.
* برای دایکی، دلّ و ناوکی.
* برای لە دایە، جەوالّی کایە.
* برایان شەڕیان کرد و قەلّتەبانان باوەڕیان کرد.
* برایەك باشە زوڵمت لێ نەکا، حەز لە ڕسوایی و دەس کورتیت نەکا.
* برایە و گەز گەزی، ئێتر تۆ بۆچی نابەزی.
* بڕوا بەتۆرانی ژنی منالّدار مەکە.
* بڕوانە دنیا چەنێ غەددارە، هەرتاوێ یەکێ گەورە و سەرداڕە.
* بڕوانە ڕەنگم بپرسە نەحوالّم، بێ نان و ناو وێرانە مالّم.
* بڕوانە کۆزی کارژەلەکەمان، جا کەوچك بدە لە ماسەکەمان.
* بزانە چەنێ بەختەکەم شەڕە، کۆچم ئاوێتەی کۆچی سەگە.
* بزانە چەنێ خاك وە سەرینم، تازە بە تەمای خاتوو نەسرینم.

* بزمار بەجارێ داناکوترێ.
* بزن ئەڵێ: بپژمم و نەترم، هەر بە شاخ قنگی خۆم ئەدڕم.
* بزن حەز لە بەرزایی ئەکا.
* بزن شیر بدا بۆ داپیرە، داپیر کلکە قرتێم باتەوە.
* بزن لەناو گیا و قەساب لەناو گۆشت.
* بزنە قووتە لە دەستی من دەرچوو، خوای ئەکرد سەری ئەنا بە هەزار مانۆ.
* بزنێ گەڕ، ڕانێك گەڕۆڵ ئەکا.
* بزنی گەڕۆڵ لە سەرچاوگە ئاو ئەخوات.
* بلە بێ خەرجە.
* بمکوژە، بەس ڕسوام مەکە.
* بوار بە باران، گەڕەك بە ژنی جوان، مێگەل بە نێری و بەرانان.
* بوو بە ڕیشە، مەویشە.
* بوو بە گوولەی دوور ئاوایی.
* بوو بە مێوژی سەر سەری بووك.
* بووەتە بلە ئیمان کێش.
* بووەتە بووکە سەماکەر.
* بووەتە تووتی لێمان.

* بووەتە پشیلەی سەر چنار.
* بووەتە قیر بان چاوی.
* بووەتە قیقە قیق.
* بووەتە مانگا.
* بووك لەسەر زین دەگەڕێتەوە.
* بووکەکەی پا لە ڕکێ، ئەڵڵاڵ و عالەم لە بەخت کێ.
* بووکی بن مااڵ ڕێزی نییە.
* بووکی پووران، کۆڵەوژی سەر تەنووران.
* بووکی خالان، دەست و لاقی پڕ خالان، هەمیشە لەبن دیواران.
* بووکی لە پەردەدا لێ بووەتە نێر.
* بوونەتە قیر کەوای سپی.
* بێ خەویت نەکێشاوە.
* بێ دەنگی باشە تاکو دەنگداری، قەناعەت باشە تا قەرزاری.
* بێ سەوادەن، پیتێ نەوانان.
* بێ کەسی هەر بۆ خوا خاسە، بێ کەس ئەوەیە خوا نەناسە.
* بێ وە دەرەوە، چاوم هاوە سەرەوە.
* بیانووی تس نانی جۆیە.
* بێخی دگانی خۆت بە هەموو کەسێ نیشان مەدە.

* بیدە بە هەشت، بیگرە لە مشت، مەیدە بە دە و بۆی بکەویتە داو.
* بیر وەکو لەش پێویستی بەخواردن هەیە.
* بێرەوە، بێرەوە، شەل بنێ بەلای کوێرەوە.
* بیست و یەکی ئاداری، بەفر بگاتە پاساری، نامێنێ تا هێواری.
* بێشك بەکۆڵ دای لە کەلی خان.
* بێچووی ژیشك لەبەر چاوی دایکی جوانە.
* بێگانە خوتە خوتکەرە، ئامۆزا فەرزە دەست لە ملم کەوە.
* بێگانە هەر پێوە، لە سای بێگانە هەر پێوە.
* بێگانە هەر یەك مەیدانە.
* بێگانەیەك بکەی بەدۆست لەوە باشترە دۆستێ بکەی بە بێگانە.
* بیکە بەخمی جوولەکەیا.
* بێڵ و گاوەسنی پێوە نەشکاوە.
* بێڵی با بلەوچێ.
* بێوەژن هەرچەندە دەوڵەمەند بێ، کچ بێنە با بەکراسی جاو بێ.
* بێوڵەی بوو، بەدوو تێری نەخوارد لەگوو.

پیتی (ت)

* تۆ تاوی فجوق کەری، من مەتاوو.
* تۆ تەماح مەکە نەفس و ناموووس کەس، ئابڕووی خۆت مەبە بۆ هەوا و هەوەس.
* تۆ قەسابی، چیت لە نالّ داوە.
* تۆ مەشکەی مالّی میر بژەنە، من هی تۆ نەژەنم، کۆنە کراسەکەیشمان بەنیوەیی.
* تۆبەی گورگ نەوەنەیە تا مەڕ نەبینێ.
* تۆبەی فەیسەلّ بود، وە زەهاو نەچت.
* تۆپین کەر قەلّەو زەماوەن سەگە، ئەمە وتاری ئاغا و برا بەگە.
* تۆشەمان گالّ بوو، زوو بەرەو مالّ بوو.
* تا ئیسا شەقەی قەلّماسنگی نەبیستە.
* تا ئیسا هەرچییەکت کردووەتە کاسە، لەمە و دوا بیکە کەوچك.
* تا بەڕوو زۆرتر بێ، سمۆرە برسییەتی.
* تا تەجروبەی نەکرد، بڕوای نەکرد.
* تا خان نەخێزێت، لەشکر نەترازێت.
* تا زۆر بمێنێ، زۆر نەبیسی.

* تازە کەوتە ڕوو، کۆنە کەوتە چاڵ کەنوو.
* تاقانە، یان شێتە یان دێوانە.
* تاکو ساڵ پڕ نەکەی، مانگیش پڕ نەکەی.
* تاکو قسە لە دڵتایە نەسیری تۆیە، کە لە دڵت دەرچوو، تۆ نەسیری نەوی.
* تالآن بێ هاومانڵ تەواو کراوم، بۆیە وا کز و مات و شێواوم.
* تام دەمی خۆشە بۆ وتن، کۆڵ نادا تا خۆر کەوتن.
* تانەی بەنە لە عەزاب خوا ناخۆشترە.
* تانەی ژن لە پیاو نادرێ.
* تاوانکار سەری ها بە دارۆ، بێ تاوان کلاوی وا بەلارۆ.
* تاونبار و خیانەت، پیشەی ترسنۆکە.
* تاوێ گەشم، تاوێ ڕەشم، تاوێ شادم، تاوێ ناشادم.
* تەپاڵەیەکی بخەرە سەر.
* تەختەیەکی کەمە یان دووان؟
* تەشی ڕستن باشترە لە پەسا ڕاخستن.
* تەقڵەی مامە حەمەیە.
* تەکێیە خواردنی هەیە، بەخشینی نییە.

* تا ساحێب مالێ یانەنە، مریشك و چێو کولانەنە.
* تا چەرمەکەی سەگ نەیبردووە، کارێ بکە.
* تا چل ها وەمل، گەیشتە پەنجا ڕەنجا، گەیشتە شەست شکەست، گەیشتە حەفتا کەفتا.
* تا گۆم تاقی نەکەیتەوە، مەلەی تێدا مەکە.
* تا گەنم نەکێڵی، خەرمانی لێ هەڵناگری.
* تا گوێرەکە ئەبێ بە گا، خوێنی خاوەنەکەی ئەبێ بە ئاو.
* تا گوێگرتن فێر نەبی، نابیتە قسەکەرێکی باش.
* تا کەوشێکمان لە دیوان دا بێ، بەسمانە.
* تا من تۆم گرت، ئەو منی گرت.
* تا نەکێشی جەفا، نابینی سەفا.
* تا نەیبیژی، نەیکێشی، نەینێژی.
* تا هاتم بوو، دنیا ماتم بوو، ئەوسا ناغا حسێن بووم، ئێستا ئەپلەت سەینم، وەختێك کە نەهاتم هات، بووم بە گەمە جارِی ولاّت.
* تاریکی چرا بووە بەشم، خەتای کەس نییە خۆم چارە ڕەشم.
* تازە ئەو کێچە لە گوێچکەتا دەرکە.
* تازە بدرِە بە هەزاران، کۆنە بدە بە هەژاران.
* تازە کە هاتە بازار، کۆنە دەرنەچێ لە شار.

* تەماح تەجروبەی تیرەی ئینسانە، تەماشاکە کێ بێ دینە و کێ موسڵمانە.
* تەماح نادرێ بەسەر ئینسانا، کۆسە بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی دانا.
* تەماح وا لەولای نەرواحەوە.
* تەماشام بکە ئەوەندەی تەپۆلکەیێ، تەماشات نەکەم ئەوەندەی کێوێ.
* تەماشای لووت خۆت بکە با کوڕەکەت نەکەی بەچاوۆ.
* تەمەڵ غەیب زانە.
* تەمەڵ هیچ لە باریدا نییە.
* تەمەننای تەمەن درێژی ناکەم، خۆم ڕیسوا و ڕوو ڕەش لای خوا ناکەم.
* تەمەنی پیاوی خاین، کورتە.
* تەنەکەیەك شیر، مسقاڵێك هەوێن نەیگرسێنێت.
* تەنوور، وەجاخی ماڵە.
* تەونێکم بۆ ناوەسۆ، هەر تەواو نەبێ.
* تڕ کوێرە.
* تڕی بن گۆم بڵق نەداتۆ.
* تڕی پیاوی گەورە دووزەلەیە.
* تڕێ سەیری تڕێ نەکا، ئاو بکا.

* تڕێکی هاپێ، بزان کەی ئەیداتۆ.
* تسی بۆنی نایە.
* تسی کلك مار ئەسووتێنێ.
* تف لە پیاوی بەدخوو، ئەوەی کچی هەیە و نایدا بەشوو.
* تف مەکە بیرەوە، چونکە ڕۆژێ دێ لێی دەخۆیەوە.
* توند مەڕۆ پێت هەڵنەکەوێ، شین وەبەر دارە تەرمت نەکەوێ.
* تووە مردن، من وە شا، من مەچم تووە بیشە ما.
* تووتك بە کولانە وەڕینە.
* تووشی نێری شەش کوون بووە.
* تووڵ بە تووڵی ئەچەمێتۆ.
* تیر ئەتەقێنێ و کەوان ئەشارێتۆ.
* تێر نەخواردن لە باوك مردن خراپترە.
* تیری خوا تەقەی نایە، کەچی لە هەموو تیرێك بەبڕشت ترە.
* تیری من کەوانی تۆ نایکێشێ.
* تیکە و دەران، کافری وەران.
* تێکە و لێکە و کەس لە کەسە.
* تیکەیە کەمتر، برایە زیاتر، ناشنا بگرە لە جاران زیاتر.
* تینوو لەناو دەریا چەقیوە!

پیتی (پ)

* پۆی دەوار، بە بەردی زبر سپی نابێتەوە.
* پا ئەدات لە پایین.
* پات ئەوەنە درێژ مەکەرۆ بیبڕن.
* پادار لە ڕێی بێ پا ناوەستێ.
* پادارا گێردێ، بێ پێ مالّو وێمانێ.
* پارە و پوولّ دێتەوە، بەلاّم دۆست نایەوە.
* پارەی حەرام، خەرجی دەوا و دەرمان ئەکرێ.
* پاروو تاکو نەیجووی، قووت نادرێ.
* پاروو لە دەم بکەوێتە خوارەوە، ئەکەوێتە کۆشەوە.
* پاش قولێن مانگا بە قەلّماسنگ ناگیرێ.
* پاشای گەورە، شاری وێران.
* پالّەوان ئەو کەسەیە بێ منەت خۆی بەخێو بکا.
* پایز هەتیمچەکە، زستان ڕێبوارە، نیشانەی بەهار گەلاّی مازوارە.
* پایێ نزیکتر...ناگرێ تیژتر.
* پەخشە قەپ ئەگرێ لە گونم، وا ئەزانێ من بێ ژنم.
* پەرژین بۆ حەیادار ئەکرێ، بێ حەیا پەرژینۆ ناوەستێ.

* پەریّزی پاك نییە.
* پەلە پەل مالّ دەکا، لە تووکی بەر شالّ دەکا.
* پەنا وەدەمت!!
* پەی وێم چێشم کەرد تاپەی تۆ کەری؟
* پەیان هەورە و بەجێ هێنانی بارانە.
* پشتت با بێ و بەرت کەندەلآن.
* پشیلە بێ و نۆبەچی دونگ بێ.
* پشیلە لە دوای کەیوانۆی پیسکە ئەگەڕێ.
* پشیلە لە کوانووی دا خەوتووە.
* پشیلە لە مالّیاندا سەفرا ئەکا.
* پشیلەی مۆن، دونگی زل ئەبا.
* پوور نە ئەترپی، بە زۆر ئەیانڕاند.
* پووڕێ سەمەنە، بۆم بێنە جامێ خەنە.
* پووشین چووە سەرم، خەم چووە بەرم.
* پێ مەخەرە پێلاّوی منەوە.
* پیازەکەی عەودالآنە، خواردنی هەیە، بردنی نییە.
* پیاو بەسێلّەوە جوانە و ژن بە زوڵفەوە.
* پیاو بەقسە دەبەستڕێ، کەر بەگوریس.

* پیاو بوو بە ئاوریشم بەقای پێ مەبەستە.
* پیاو درۆزن خوا حیزی نەکا.
* پیاو سەری ئەدۆڕێنێ، قسە نادۆڕێنێ.
* پیاو سیروانە، ژن بەریانە.
* پیاو قسەیەك قبوڵ بکا باشترە تاکو شەڕ بکا.
* پیاو مووداری ژن بێ موو.
* پیاو نەگبەتی بێ، لەلای با نەترێ.
* پیاو هەتا ژن نەهێنێ، نیوە پیاوە.
* پیاو هەیە جێگای باوکی نەگرێتەوە، هەیشە جێگای دایکی.
* پیاو یا بە هەوانەیە پووڵ ژن دێنێ، یا بە هەوانەیە درۆ.
* پیاوی باش وەسف نەکرێ، پیاوی خراپ تێی هەڵ نەدرێ.
* پیاوی بەد ڕەوشت، ژن سووك نەکا.
* پیاوی بێ ژن وەکو نەسپی بێ هەوسارە.
* پیاوی بێ عەقڵ قەت پیر نابێ.
* پیاوی بێ عەقڵ، بەدۆستی کەس نابێ.
* پیاوێ پیاو بێ، خۆی نادۆڕێنێ.
* پیاوی خوێڕی دەست نەداتە بەردی گەورە.
* پیاوی دانا دانامێنێ.

* پیاوی درۆزن، هەر تێشووی ڕۆژێ دەخوا.
* پیاوی دووژن، ڕەفیقی ناوارەیە.
* پیاوی دوور بین، نابێ تەنیا بێ.
* پیاوی ژیر کە ماری کوشت، بەچکەکانی بەخێو ناکا.
* پیاوی فەقیر کێری لە ناوەڕاستەوە ڕەپ نەبێ.
* پیاوی فەقیر لە ناردەوا دگانی نەشکێ.
* پیاوی فەقیر لە وەردی سێ گاوەسن، لاسکە پووش نەچێ بەقنگیا.
* پیاوی فەقیر یان کوڕی نەبێ یان کچ.
* پیاوێ لە ژنەکەی ترسا، داخوازی کچەکەی لە دایکی نەکرێ.
* پیاوی مەرد گەوادی پێ قبوڵ ناکرێ.
* پیایا بکێشە و بڵێ: نەمزانی.
* پیر بەتیکە بەندە، نەمە زۆر ڕاس و زۆریش پەسەندە.
* پیر تا نەگاتە گیر، ناکات تەکبیر.
* پیر و پۆش هاتوونەتە خرۆش.
* پیر و خەڕۆبن.
* پیرەژن سەر وەك جەڕە، قسەی خێری وەك شەڕە.
* پیرەژنی فەرهاد کوژە.
* پیرەکەری جاشك بە گورگ دەرە.

* پیری و سەد عەیب و قەرزاری هەزار، قەرزی بێ جێگە نەکەی ئەی هۆشیار.
* پێستی گا بۆ گاوسە.
* پێش ئەوەی بە خەڵك پێ بکەنی، سەیرێکی خۆت بکە.
* پێش ئەوەی بیر لە چاکە بکەیتەوە، بەر لە خراپەکانت بگرە.
* پێش ئەوەی تاریکی دابێت، مۆمێك داگیرسێنە.
* پێش کڕین، بیری فرۆشتنەوەی بکە.
* پێشەنگی قەتار کەر بێ، هەموویان ملیان نەشکێ.
* پێشکەوتەی دواکەوتە.
* پێچی میزەر لە ڕەقەم شایە باشترە.
* پێم هیلاك بێ نەك دەمم.
* پێنج و شەشین، خزمەتکار مەشکە ڕەشین.
* پێوەی ماندوو نەبووە.
* پێویستە خۆت چاك بکەی نەمجا خەڵکت پێ چاك نەبێ.
* پێویستی یەکەم مامۆستایە.
* پێی جووت کرد.
* پێی لە جەرگی خۆی ناوە.
* پێی ناوەتە سەر هەققا.

پیتی (ج)

* جۆ بە دیوارا دەڕوانێ.
* حۆرێ نان بخۆ هەمیشە بتوانی بیخۆی.
* جۆگەیە ئاوی پیا بڕوا، بۆگەن نابێ.
* جۆگەیەك ئاوی دەریا لێڵ ناکا، گەورە بە وتەی بچووك هەرگیز دڵی کەیل ناکا.
* جۆلاێ لەسەر مەکۆ هەر با ڕاز لێبدا.
* جۆلاێ وە سەردڕ و بندڕ، وێش ڕازییە.
* جۆی دیوە، کا ناخوات.
* جاران بێ ساز ئەیژەند، ئێستە سازێ وا بەستییەوە.
* جاسووس لە دەییووس خراپترە.
* جاسووسی مەکە بۆ پوولۆ و پارە، جاسووس هەمیشە شەرمەزارە.
* جاشك هاتەر باری، بار نەما لە هەواری.
* جاشکی کوڵکن، گوێرەکەی ورگن، منالّی لیکن.
* جەردەی بێ سیلاح دکتۆر ئیمڕۆیە، موبتەلای ئەوان هەر ڕەنجەڕۆیە.
* جەشکەی ناکا.
* جەماعەت و ڕەحمەت.

* جەنجاڵ کردنی دەوری نەخۆش، پەلە کردنە بۆ مردنی.
* جەهەنم لە نیوەیشیا بگەڕێیتۆ هەر باشە.
* جەوهەرت وەکو دەبان نەتکێ، بەڵام زووانت لە ترسا نەشکێ.
* جگەرە تووردە و مەیکێشە، ڕەگی حەیاتی خۆت دەرمەکێشە.
* جلمان لەبەر یەک خۆر وشک بووەتۆ.
* جنۆکە دەستی لێ وەشاندووە.
* جنێو چەکی پیاوی بێ دەسەلاتە.
* جواب شەق نییە.
* جوابی دەهۆڵ ژەن، زووڕنا ژەن نەیداتۆ.
* جوان دانیشێ بەلای جوانۆ، وەک دوو شەمامەن بەسەر دووکانۆ.
* جوانە ماینێکی جاشی، بارەکەی تایەیەکی پووش بێ و تایەیەکی بەردە ناشی، هێشتا باشترە لە هاوڕێی ناشی.
* جوانی مرۆڤ لە زاریایەتی.
* جوانیمان ڕۆیی و پیری هاتە پێش، نازای نەنامم هەمووی کەوتە ئێش.
* جوتیاری تەمەڵ، گای کاوێژ نەکا.
* جوچکە ترسێنی کردووە.
* جوچکە لەقێیەتی.

* جووتێ گورگ یەك گرن، کەس چاریان ناکا.
* جووتیار ئەڵێ: هەتا هەنار گوڵ نەکا، گەنمی پار نافرۆشم.
* جووچکەی بەهار، پایز بیبڕێرە.
* جوولەکە چل ساڵ ببێتە ئیسلام، بەلای تەوراتدا تێ پەڕێ، شانی ڕاستی دێتە خوار.
* جوولی سەڵم تووڕە.
* جوێن بە دایك و باوکی خۆت مەدە.
* جێگەی پێی خۆی نەدەبووەوە، سەری خەڵکی دەخستە ناوی.
* جێگەی خۆی گەرم دەکاتەوە.
* جێگەی شمشێر خۆش دەبێتەوە، بەڵام شوێنی قسە خۆش نابێتەوە.
* جێگەی قووڕەڵ قوورد، سنانە.
* جێگەی مشت، پا لەقەیە.
* جێگەیە ژن حاکم بێ لێی، شەیتان نۆکەرێتی.
* جێی سووتوان سەوز ئەکاتەوە.
* جێی قنگی خۆی نابێتەوە.

پیتی (ح)

* حۆقە چوار چارەکە.
* حاجی لەقلەق فەقیرە مار نەخوا.
* حاجی لەقلەق مار هات.
* حازر خۆری و قەراخ نشینی بۆ کەم کەس دەس نەدا.
* حازر لە قەرز باشترە.
* حاشا چە دیتەنیش.
* حاشا لە مالّ گەن، کەس نالّێ بەچەن.
* حاشا لەو خوێنەی شەوی بەسەر هات.
* حالّم وە حالّش نۆ.
* حەج لە بەردەم دەرگای خۆت دایە.
* حەز نەکا مالّەکەی بکا بەهێلکەیەك و پێشکەش بەمیوانی بکا.
* حەسوود هیچ جۆرێ بۆت ڕازی نابێ، هەتاکو نان و نیعمەتت مابێ.
* حەق بلّێ هەرچەن حەق وتن تالّە، موخالف حەق پووچ و بەتالّە.
* حەق حەبیبەللاّیە.
* حەقی کفن بەمن بگا، با مردووەکە گۆڕ بەگۆڕ بکەوێ.
* حەکیم نەزان بی خاوش بەردەوە.

* حەکیمی خاس، تەنیا خواس.
* حەوالّە وە گەوالّەن.
* حەوت کفنی زەرد کردووە.
* حەیف پەی ئانە گەلە مەردێ، دەنگ تووشان نەژنەفت.
* حەیفە لۆتی بڕێت تۆ بمێنی، لە لۆتی بێ حەیا تری.
* حەیوان وتوویەتی: بکەومە چاڵ بەو شەرتەی خاوەنەکەم چاوی لێم نەبێ.
* حکومەت گۆشش هەنەن، چەمش نییەن.
* حوشتر ئاخر تۆ لە عەلاقە بەنیت چی؟.
* حوشتر باری خورمایە و حوشتر خوار ئەخوا.
* حوشتر بڕەوێتەوە، ناگەڕێتەوە.
* حوشتر خەوێگ دوینی، حوشتر لەوان خەوێ.
* حوشتر قین.
* حوشتر و حەمام، مەیموون و عەبا.
* حوشتر و قاپ قاپیان نەوتووە.
* حوشتر و قاپ قاپیان نەوتووە.
* حوشتر و هۆڵەشان نەواتەن.
* حوشتر و هەڵپەڕین و گامێش و هەڵفڕین.

* خۆت مەکوتە جەوتە.
* خۆت هیچ، بەس خوا عەقڵ بەمنالّەکانت بدا.
* خۆتی پێوە ماندوو مەکە.
* خۆپەسەندی جۆرێکە لە شێتایەتی.
* خۆراکت خەم بێ، بەرگت پەلاّس بێ، بە شەرتێ هاوسەری شەوانت خاس بێ.
* خۆزگە بە خۆم کەرم نییە، لە جۆ و کا خەبەرم نییە.
* خۆزگە بەو کەسەی کاری بەکەلّکە، بەزمان و حاڵی کۆمەکی خەلّکە.
* خۆزگە بەو کەسەی منالّی نییە، تا لەم زەمانە سەرقاڵی نییە.
* خۆزگە بەو کەسەی ناینایسێ؟!
* خۆزگە بەوەی خۆی باش ئەناسێ، خۆی ناخاتە ناو هیچ دەنگ و باسێ.
* خۆزگەم بەو ڕۆژەی پێت خستە حەردم، کردە و نەکردەت بۆت هاتە کەرەم.
* خۆزگەم بەو کەسەی خوای لێ ڕازییە، مەلایە، شێخە، بەگ، یان قازییە.
* خۆش هەر خۆشە، ئەگەر زەهری ماریشی تێدابێ.
* خۆشە ناور، خۆشە دوو، برایش خۆشە، نەك وەك شوو.

* خۆشەویستی بەجوانی نییە، بە دڵە.
* خۆشەویستی ڕاستی، لەکە لەسەر دڵ لانەبا.
* خۆشەویستی کوێرە و سپی و ڕەش لێك ناکاتەوە.
* خۆشی هەموو مااڵێکی پۆشی.
* خۆڵم لە کۆش کە و بەسەرم کە.
* خۆی نەتڕێ و منااڵەکەی نەکوتێ.
* خاسی خەڵك بڵێ لە پاش مردنی، باشترە لەوەی غەیبەتی کەی.
* خاك لە ئەمانەت خیانەت ناکا.
* خاك مەیل بڕە.
* خاکت بە ڕەنجت بکە بە کیمیا، بیکە بەگەنم، یان بە لۆبیا.
* خاکی بەرپێی بۆ حەوت دەرمان نەشێ.
* خاڵۆ و خوارزایی مەکە.
* خاڵۆی ترۆزی ئەمرۆ نە سۆزی.
* خاڵۆی دەستەوسان، خوای گەرمیان و کوێستان.
* خاڵۆی هەوانە لە پشت، ئێمە بەخوا و ئێوە بەگشت.
* خاڵان خوارزا خەاڵت کردن، مامان برزا لەبیر کردن.
* خانم و خان و خاتوون، ئەمانە هەمووی لە یەك کارخانە دەرچوون.
* خاوەن بزن و میێش، بۆ ئاخری ئەبێ بە دەرویێش.

* خاوەن دالێ و بێستان...گلەیی خۆت بێلە بۆ زستان.
* خەتا گردە، بەکۆڵ کەسۆ ناوێسێ و کەس ناچێتە ژێری.
* خەتەنە فەرزە نەک لە بنا، قسەت بە تەنسیرە نەک لە منا.
* خەتم قورئانم بۆ ئەکا؟!
* خەجالەت خۆم چیم کرد بە خۆم، کە تۆم کرد بە ڕەفیقی خۆم.
* خەر بەستە لەم دەشتە.
* خەر بەستە، خاوەن ڕەستە.
* خەرج زەماوەن و بەنایی، حەزرەتی عەلی زامنیەتی.
* خەرمان کوتانن کار بزن نییە، گای ئەوێ برا، خۆ شۆخی نییە.
* خەریکە وەک فیشەک ئەچمە ئاسمانا.
* خەریکم ئەتەقمۆ.
* خەسوو بۆ پیاو بە جووتێک گا دانراوە، بۆ ژن بە دوژمن.
* خەسوومم عەمری نەمێنێ، بەیانی زوو هەڵمەسێنێ، ئەچێ لە دوور ناوم پێ ئەهێنێ.
* خەلاّت هەرچی دەرهات.
* خەلاّتی شوانە وێڵ، ئاڵەکۆکە.
* خەلەی خۆم و مێگەلی خۆم.
* خەلکی دۆستی هەیە و دوژمنیش.

* خەڵکی زوو تووڵ پەرەست بوون، نێستا پووڵ پەرستن.
* خەم بۆ بێ کەسی خۆم نەخۆم.
* خەنای فرە، گرەواش چە دماوەن.
* خەنە شەوێ، وەسمە تەوێ.
* خەنەی ڕەنگ ناگرێ.
* خەنجەر لە پەنجەرە دەرنەچێ باشە.
* خەنجەری تەنگانەیە.
* خەوت و مرد.
* خەوتنی شەو، خەجاڵەتی ڕۆژی بەدواوەیە.
* خراپی خۆم لە چاکی خەڵکی چاکترە.
* خزم باوانی خزمە.
* خزمەت بە گوێرەی قودرەت.
* خزمەت گوزارم بە مااڵ و زەڕم، بۆ کەسێ کە ئەو بێتە سەر بەڕم.
* خزمی خۆمانە بۆیە ڕێزی نییە.
* خڵە بار دەکا، بڵە کەپر دەکا.
* خڵەل وە بەرا، خڵەل وە پشتا، خڵەل هاتۆ هیچی نییە لە مشتا.
* خوا بار لە کەس نەنێ، باری گرانە.
* خوا بە سەبر ئەیکا و بە زەبر ئەیکات.

* خوا بدا لە ژێر گوونی هەللاجیش بێ، نەیدا.
* خوا بدا مەرگم، زاوا نەکا بەرگم.
* خوا بدا وە کەسێ لە کووچەشا هەر بۆی نەڕەسێ، خوا نەدا وە کەسێ چاوی کوێر نەکا و دەستیش نەوەسێ.
* خوا بدات مرازم، ژن نەڕات بخوازم.
* خوا بکا هیچ مالّێ بێ گەورە نەبێ.
* خوا بیدا مالّی خۆم، حەزکەم نەخۆم، حەزکەم ناخۆم.
* خوا خۆی دەمێنێ و مولّکی.
* خوا داویەتی و لەقەی لێ مەدە.
* خوا دەردێك نەدا لە تاقەت دەربچێ.
* خوا دەلیلی داماوە.
* خوا دێر گیرە و سەخت گیر.
* خوا زیادی کا بەقایە، تێرمان نەخوارد چ فایە.
* خوا سەر بدا ڕزقیشی نەدا.
* خوا سەرما بە ئەنازەی مالّ نەدا.
* خوا چۆنی کردبێ هەروا نەوێ.
* خوا چوار وەرزمان لێ نەگۆڕێ.
* خوا گوێز بە یەکێ دەدا، ددانی نەبێ.

* خوا گیان کەم بێ و بەکەرەم بێ.
* خوا گیان هەر کەسێك تۆی نییە، چی هەیە؟ هەر کەسێکیش تۆی هەیە، چی نییە؟
* خوا کردییە شەو، نێمەش با بچین بۆ خەو.
* خوا لە ئەجەل لام بدا، مەنجەڵم ناوێ.
* خوا لە کەس لارۆ نەبێ، دەردی گرانە.
* خوا لە کلاوڕۆژنەوە نایکا بە خوارەوە.
* خوا مووکی خۆی چۆڵ ناکا، بۆیە بن دۆڵ ناوەدانە.
* خوا مووکی خۆی کاول ناکا.
* خوا هەزار ئەحمەد و مەحموودی وای کردووە.
* خوا یار بێ، با دنیا هەر مابێ.
* خوا یەکە و پێغەمبەر هەزار، نیعمەتی زۆرە و نایەتە ئەژمار.
* خوا یەکە و دەرگای هەزار.
* خوا یەکە و شوو یەك.
* خوار دانیشە و ڕاست بڵێ، یا: چەوت دانیشە و ڕاست بڵێ.
* خواردن گەن و گووە، شۆردن ڕەنگ و ڕووە.
* خواردن مااڵە، مەنە میراتە، پاشماوەکەی خێر و خێراتە.
* خواردن و خەوتنی زۆر، تەمەڵی و نەخۆشی دێنێ.

* خواردنی شەو بێ هۆشییە، ئەنجامەکەی نەخۆشییە.
* خوارزا نموونەی خاڵوانیەتی.
* خوانچە تەنیا نانێکی تیا نەبێ چاکە.
* خوانچە پڕ بێ، با لە قوڕ بێ.
* خودا ڕقی لە کەس نییە، گەر سزای بدا، خەتای بەدی خۆیەتی.
* خودا مەیلی بێ گیاندار بکا قڕ، وە شەو سایەقە و بەڕۆژ هەوری پڕ.
* خودای حەبیب دارتاش یەکێکە و نابێتە هەزار.
* خورما دەبا بۆ مەندەلی.
* خورما موتووریە نەکرێ بەر ناگرێ.
* خوڵکەکەی پاوەیانەیە.
* خوو لە ژێر گیانە، هەتا گیان دەرنەچێ خوو دەرناچێ.
* خوولە خۆڕایی مەبە.
* خوێن بە ئاو نابێ.
* خوێن خۆی کردۆتە کاسە و ئەیەوێ لەبەر دەرگای مااڵێکدا بیڕێژێ.
* خوێن خۆی کردە کاسە.
* خوێن لە بەدەنیدا نەماوە.
* خوێن لە چاوی ئەباری.
* خوێن ملی نەفڕێ.

* خوێندنی قورئان سەرچاوەی نوورە، بێ نوورە هەر کەس لە مەعنای دوورە.
* خوێنی بۆگەڕی چاکە.
* خوێنی بخوات، تەسکینی نایە.
* خوێنی خۆت لەسەر خۆت.
* خوێنی کردە ئاو.
* خوێنی کردە جامێکەوە.
* خیانەت هەر خیانەتە، چی فلسێك و چ دینارێکە.
* خێر بەرەی شەڕ هاوردەی.
* خێر و بێری بۆ خەڵکییە و تۆ و تسی بۆ ئێمەیە.
* خێر و خێرا دوای مردن، بێ سوودە.
* خێڵ لە شاری کوێرانا باشە.

پیتی (ر)

* دۆ بۆ دەرۆیش قات نییە.
* دۆ بەیێ دۆ وا ئەزانێ ماسە، کەوچکی تێ ئەخاو ئەڵێ بەخوا خاسە.
* دۆ تاکو نەیژەنی کەرە نادا.
* دۆ هەتا پتر، کەشک ڕەقتر.
* دۆ و دۆدانە.
* دۆخەوام لێنا و مای هاتۆ، یارۆ تۆراو خۆی هاتۆ.
* دۆستێ بە دڵی خۆت بێ، دەڵاڵی ناوێ.
* دۆسی سەر سفرە هەر ئەو تاوەسە، خەریك خواردن و هەواو هەوەسە.
* دۆم و شەرمیان نەوتووە.
* داخ بۆ ئەو کچەی خۆی ئەدۆڕێنێ، ئافەرین بۆ ئەوەی خۆی ئەخەڵەتێنێ.
* داخی دڵ، با بچێتە ژێر گڵ.
* دادوەری زۆردار لە پڵنگی درندە خراپترە.
* دار بێ سەمەر بۆ بڕین باشە.
* دارخورما بەرزە و دەسمان کۆتایە، دەی کێ بە تەمای خواردن خورمایە.

* دار کە بڕا، چاوی لە بەهار نییە.
* دار نییە با نەیشەکێنێ.
* دار نییە با نەیشەکێنێ، کچ نییە کوڕ نەیگەوزێنێ.
* دار و پردوو، تف لە هەردوو.
* دار و دیواری لێ هاتۆتە جواب.
* دارەکەی سەرکەل، پردەکەی گاڕان.
* داری بەردار، بڕینی نارەوایە.
* داری بەڕوو، بە یەکەم تەور ناکەوێتە زەوی.
* داری تەڕ و سەلاّی سەگت لێ پەیا نەکەم.
* داری شەهین نێرگەی لێ هەلّناکەوێ.
* داری مایەدار، ژنی حەیادار، باش و بەکەلّکن بۆ پیاوی هەژار.
* داریّ نەرم بێ، کرم و مار نەیخوات.
* دانوولەیان پێکەوە ناکولّێ.
* دانیشتن بەلای مەرگ و میراتۆ، عیلم و هونەرت لە بیر نەباتۆ.
* دانیشتووم لە وێرانەی وێرم، عالەم یاری دەکا بەگوون و کێرم.
* داو و دەرمانی پیری مەرگە.
* داوای شتێ بکە لە ئامۆژنت، بۆ گلەیی بانەڕۆژ بێ.
* داوای چەقۆی تیژم لێ نەکا.

* داوای کوز بێ موو نەکا.
* داوای کوز تەرچك نەکا.
* داویەتی لە حەوت ئاو قاچی تەڕ نەبووە.
* داوێنی بۆتە میّملی.
* دای بێ گەلاّ سێبەری نییە، خوشکی بێ برا قەدری نییە.
* دای لەبن کوولەکە.
* دای لەم گوێی، لەو گوێیەوە دەرچوو.
* دایك ئۆبینە.
* دایك بووە باوەژن، باوکیش دەبێتە باوەپێرە.
* دایك دانیشتووە، دایەن بێ هۆش کەوتووە.
* دایك ڕۆ ڕۆت بۆ نەکات.
* دایك مردوو خەوی پیا نەکەوێ، لە برسا مردوو خەوی لێ ناکەوێ.
* دایکی دایکم، کوڕی مردووە نان ناخوا.
* دایکی کراس کەوە نەمردووە، هەر ژن زۆرە.
* دەبا جارێ دیزە بە پنە بێ.
* دەرەکی هات، بنەکی قاودا.
* دەرد و بەلاّی کەس، ناکەوێ لە کەس.
* دەردی بێ دەرمان عەشق و مردنە، بۆ چاری هەردوو پارێز کردنە.

* دەردی بێ دەرمان مەرگ و پیرییە، عاقیبەت هەردوو زەوی گیرییە.
* دەردی نەفامی دەرمانی نییە، لە کەس مەپرسە بۆچی دەرمانی نییە.
* دەرزی بەسووزن نابێ.
* دەرگا بکەرەوە، تا ڕووت بکرێتەوە.
* دەرگا زێڕینە موحتاجی دەرگا هەڕینە نەبێ.
* دەڕوا وەگژ دار و دیوار.
* دەرۆیش بە، دڵ ڕێش مەبە، حەسوود مەبە.
* دەرۆیش و سۆفی هەردوو یەکێکن، هەریەک نیستیلاح مەملەکەتێکن.
* دەرۆیش، دەرۆیشە، مالی بۆچییە؟
* دەرۆیشی بەدڵ خۆشی.
* دەزانم ژەهری مارە، بەڵام چارم ناچارە.
* دەزانێ چەن تاڵە موو هاوە قەو قنگییەوە.
* دەزانێ کەر خۆی چەن مەن بار ئەکا.
* دەس ئەبەم بۆ هەرشتێ، ئەچێتە پەراسووی خۆما.
* دەس ئەکا بەخۆیا قسە دەردێنێ.
* دەس دار بردی و بێ دەس تەماشای ئەکرد.
* دەس دەس ئەشووا، پەنجە پەنجە ئەشووا.

* دەس کار نەکا و چاو نەترسێ.
* دەس لە شیروایی دایکم هەڵگرم، دەس لەو بەشە هەڵناگرم.
* دەس لە نێدانی زێرە.
* دەس وە دەس، تا لای مەلای تڕ خەس.
* دەس وەکەلەپچە پاوەن وە پاوە، دوژمن بێ خەوف نەدا وە لاوە.
* دەست نەکا بەکوونی هار و ماردا.
* دەست بووا بۆ ئالتوون نەوێتە خۆڵ.
* دەست لە مووڵك دروست دەکا.
* دەست مەدە لە تانەکەی، با پۆکەی دەرنەکەوێت.
* دەست نەڕۆیی لە باوك مردوو خراپترە.
* دەست نییە لە گۆزە مابێ.
* دەست و دەمی پێوە نەخورێ.
* دەست و دەمی ناوە یەك.
* دەست، دەست دەناسێ.
* دەستی بەدەمی خۆی ناگا.
* دەستی بلاوە.
* دەستی خۆی داخ کردووە.
* دەستی شکاو پارێزگاری نەوێ.

* دەستی کردە زاخا.

* دەستی لە دنیا شۆردووە.

* دەستی لەبن هەنبانەوە دەرچوو.

* دەستی نا بەکاسە.

* دەستێکم بە بەر و دەستێکم بەدوا.

* دەسخەڕۆمت کرد، ڕەنجەڕۆم مەکە.

* دەسمی کردووە بە ڕۆنی داخا، دەستی بڕیم و کردی بەزاخا.

* دەسی ئەڵێی شایەنە.

* دەسێکم هەنگوین و دەسێکم دۆشاو بێ، هەر خەڵك بەباش ناوم ناهێنێ.

* دەفیان دەنگ نادا.

* دەڵی حیز، گۆڵی گورگ خنکێنی لێ نابێ.

* دەڵێ: بەچکە قەل و قەل یەکە.

* دەلیل هاوردم ڕازان بکۆ ڕاز، دەلیل هاتە جێ فیتنە و حیلە باز.

* دەڵێن کچ هەوێی دایکە.

* دەڵێی بەسەر کەردەوە گیراوە.

* دەڵێی بزنی غەڕە.

* دەڵێی تووتکەی گوێ بڕاوە.

* دەڵێی خێرم کردووە.
* دەڵێی ڕۆنی سەر پلاوە.
* دەڵێی زەرووە.
* دەڵێی سەبەتەی پەت بڕاوە.
* دەڵێی سم هێستری خواردووە.
* دەڵێی شتوورگایە.
* دەڵێی چیلکەی ژێر کوونەیە.
* دەڵێی گای بێ گاوانە.
* دەڵێی گەلا تاتوولەی خواردووە.
* دەڵێی گوڵە نێرگسە.
* دەڵێی قەل و بەچکە قەلن، تفاندوویانەتەوە دەمی یەک.
* دەڵێی کوێری ئەسپ لە دەست کەوتووە.
* دەڵێی لەسەر ئاگر دانیشتە.
* دەڵێی لەسەر شارە میرووڵە لە دایك بووە.
* دەڵێی مۆرانەیە و ناوسکی دەخوا.
* دەم سەگ بەتیکە بەسە، خۆت لادە لە وەسوەسە.
* دەم قەورش وازە.
* دەم و چاوی لەگەڵ ڕۆژدا دەجەنگێ.

* دەمم وتی: هانێ، زگم وتی: کوانێ.
* دەمی ئەڵێی کوونە مشکە.
* دەمی بووەتە تەڵەی تەقیوو.
* دەمی دۆشاوە، دڵی دۆخاوە (زوخاوە).
* دەمی شیرین کردووە.
* دەمێکە بۆ تۆ پاڵە و پاڵ ئەکەم، وەک دۆم سەی سایەق مالّە و مالّ ئەکەم.
* دەمێکە گۆڕم بۆ خۆم هەڵکەندووە.
* دەنگی بەرد دەکاتە ئاو.
* دەنگی لە ئاوەدانیوە دێ.
* دەهۆڵ درا، نقە بڕا.
* دەهۆڵ ژەن بێ و شایی کوڕی خۆی بێ.
* دەودرە خۆت مەگێ!
* دەوەن بە ئاشە.
* دەوڵەت مەیلی بێ، بە گا کەروێشک ئەگرێ.
* دەوڵەمەند شەواو شەو پلاۆ ئەخوا، گەدا جەژناو جەژن.
* دەوڵەمەندی بێ پارە و سەربازی بێ چەک، هیچ ناهێنێ.
* دەوڵەمەندی پیسکە وەکوو کەرێکە زێڕ هەڵبگرێ و جۆ بخوات.

* دەولّەمەندی ژەهرە بۆ ڕەزیل و فەقیریش نانە بۆ هەژاری دڵ فراوان.
* دەولّەمەندی ڕاست ئەوەیە کە قازانج لە سەروەتی خۆی دەکا.
* دەولّەمەندی لادێ کەسێکە لە بەهارا نانی بێ و لە پایزا دۆ.
* دەولّەمەندی میّزی ئەشارێتەوە.
* دەولّەمەندی هەموو عەیبێك دائەپۆشێ.
* دەولّەمەندی و تەنگانە، کلیلە بۆ دەرکەوتی هاوڕێی چاك.
* دەولّەمەندێك کەپارەی نەبوو، وەك جووتیارێکە کەزەوی نەبێت.
* ددان ئێشان، دەرکێشان.
* ددانیان لەیەك سپی بووەتەوە.
* درۆ دەنرێتە دەم مردووە.
* درۆ لە غەریبی، تڕ لە بیابان.
* درۆ وەکو هەرەس وایە، تا تلاو تلی پێ بکەی گەورەتر نەبێ.
* درۆزن دوژمنی خوایە.
* درۆزن کەم هۆشە.
* درۆی بەباڵ دەفڕێ.
* درۆی خۆی مانّی ڕماندە.
* درەخت بەبەرەوە شیرینە.

* درەختەکان لە دوورەوە سەریان سەوزە.
* درەختی بەردار، ملی کەچە.
* درێژی پەنجەکان وەکو یەک نییە.
* دز ئەبێ دەستی، پڕ بێ.
* دز بە و بەئینساف بە.
* دز دەستی خێر بێ باشە.
* دز لە پیریا تۆبە بکا، نە قازانجی بۆ خۆیەتی، نە بۆ ولآت.
* دز لە دیاری کراویش نەدزێت.
* دز لە فیکەی خۆی تێ ئەگا.
* دز و خاوەن مالّ بین بە یەک، گا لە کوونی دلیوانەوە دەرئەکەن.
* دز وەختێ تۆبە ئەکا، کە ناتوانێ دزی بکا.
* دز یەکە و شک هەزار.
* دزاو دز کەوتن.
* دزی کەسی دەولّەمەند نەکردووە.
* دزی ناشی کایەن ئەبڕێ.
* دگانم گۆشتت نابڕێ.
* دڵ خەڵوەتخانەی زیکری یەزدانە، کەی جێی وەسوەسە و خەیاڵ شەیتانە.

* دڵ هەر دڵێکە مەیدە بەهەزار، بە ئەنواعی دەرد مەیکە گرفتار.
* دڵت مەکە بە هەمار و خەمی زۆری تێ مەکە، خەریك دینداری خۆت بەو چاو لێگەری کەس مەکە.
* دڵخواز نەبێتە تۆپکڵە پیاز.
* دڵداری کەس ناشرین نییە.
* دڵم نییە بە مااڵ، شەیتان ئەمباتە خەیاڵ.
* دڵمان خۆشە بووکی بەگین، سەر و پا پەتی و جەستەی سەگین.
* دڵمان خۆشە نۆکەری بەگین، بەسك برسی وە حاڵ سەگین.
* دڵێ بۆ دۆستێ نەکزێتەوە، زامێ دەربکا هەر بکولێتەوە.
* دڵی دایك و باوك وەك پەڕەی گوڵە، کاڵۆ بوونی هەر زۆر مووشکڵە.
* دڵی موسوڵمان عەرشی خودایە، ئەمە فەرموودەی ڕەسوولی خودایە.
* دڵی ها لە مشتیا.
* دڵی وەك سەعات لێ ئەدا.
* دڵی وەك گوونی هەللاج دەلەرزێ.
* دڵێك بە تەنگە، یا شاری بە تەنگە.
* دنیا ئەوەندەی ناوێ، هەژار بخەیتە داوێ.
* دنیا بۆ کەسێ خۆشە ڕەزا بەقەزا بێ.
* دنیا بارەگای خەمە.

* دنیا بە بەریەوە ماوە.
* دنیا بە جنۆکە پێ ئەکەنێ و جنۆکەش بە ئاشەوان.
* دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە.
* دنیا داری گاڕەش، کەر نەیخوا.
* دنیا دەسەوامە.
* دنیا دەوران دەورانە، هەر ڕۆژێ نۆرەی یەکێکمانە.
* دنیا زیندانی چاکانە و بەهەشتی نەزان و نەفامەکانە.
* دنیا کێ خواردی؟
* دنیا لاکە تۆپیوە و موشتەری لاکیش سەگە.
* دنیا لە هەی هەی، کۆسە لە ئیش خۆی.
* دنیا لەگەڵتا ئەگەر نەسازە، تۆ لەگەڵ ئەوا ژیر بە و بسازە.
* دنیا نمونەی قیامەتە.
* دنیا هەر بۆ خواردن و خەو نییە.
* دنیا هەرەسێکە، نەفەسێکە، هەردەم بەدەستی کەسێکە.
* دنیا وە وێنەی ساجی ڕوو کەشە، هەر کات و ساتێ بۆ کەسێ خۆشە.
* دنیای بەدەست و دەم گرتووە.
* دنیای لێ بۆتە سۆی دەرزییەک.
* دوای ڕووتۆ کردن، تەشتی تەلا بنێ وە سەرۆ.

* دوای چل سالّ گەدایی، هێشتا نازانێ شەو جومعە کەیە.
* دوانێن پیس لە هەموو لایە تالّە.
* دوژمنایەتی مەرد لە دۆستایەتی نامەرد چاکترە.
* دوژمنت ئاقلّ بێ چاکە.
* دوژمنی باوك نابێ بەدۆستی کوڕ.
* دوژمنیش بە مردوویی لای نەبی چاکە.
* دوعا کردن بۆ تەمەن درێژی زالّم گوناحێکی گەورەیە.
* دوعا مەکە لە نەویستان، با نەگەڕێتۆ بۆ خۆشەویستان.
* دوو ئەسپ لەسەر ئاخوڕێك نابەسترێتەوە.
* دوو دلّی مایەی سەرگەردانییە.
* دوو ژن لە حەوشێ، وەك مانگ و خۆر ئەدرەوشێ.
* دوو سەرە بەران لەناو مەنجەلّێکا ناکوڵێ.
* دوو کەس لەم دنیا هەیە کەس نەی کرد، مەرد لە نامەردی، نامەردی لە مەرد.
* دوور حوشتر بخەوە و خەوی هەلّە و پەلّە مەبینە.
* دووگ بەدەستی پشیلە مەسپێرە.
* دووکەلّ سەری بەرز ئەبێتۆ.
* دووکەلّەکەی ئەچێتە چاوی خۆیا.

* دێ ئەو دێ، دووکەڵێ دەربێ.
* دیتنی چاوان، کارێزی دڵان.
* دیداری دۆس چ ساتێ و چ ساڵێ.
* دیزە بەدەرخۆنە بێ باشە.
* دیزەکەر لۆمەی گۆزەکەر ئەکا.
* دیزەی ڕەش ئەشکێنم بەشوێنیا.
* دیل ئازاردان نیشانەی نامەردییە.
* دین لە ئاخر زەمانا وەکو ئاگری لێ دێ، فڕەی دەی ئەفەوتێ، هەڵێ گری دەستت ئەسووتێ.
* دینسز، ئیمانسزت بۆ نازڵ بێ.
* دیوار ڕما، تۆزی هەڵسا.
* دیوار گوش داری، گوشیش مووش داری.
* دیواریش گوێی هەیە.

پیتی (ژ)

* ژن ئەساسی ئسراحەت و دڵ ئارامی پیاوە.
* ژن بەقەرز نابێ.
* ژن بەئەخوێنی شل بێتۆ، شووەکەی لە سەفەر بێتۆ، باشە چاك بیری لێ کەیتۆ.
* ژن بخوازە لە مالآن، تا کورت بچێتە سەر خالآن.
* ژن بڕێکی ژانە، میملڕ دوڵە نانە!
* ژن بهێنم یان نەیهێنم هەر پەشیمانم.
* ژن بێ باوەڕیشە و خۆش باوەڕیشە.
* ژن تا منالّی نەوێ، بێگانەیە.
* ژن پەرستی خوا پەرستی لەبیر نەباتۆ، وا چاکە چاك بیر لە ڕێگای چاك بکەیتۆ.
* ژن دەڵێ: میّردم بەدڵی خۆم بێ: نوێنم چارۆکەی کۆڵی خۆم بێ.
* ژن دز و حیز بێ چاری ناسانە، بێ حەیا گشت لێی هەراسانە.
* ژن ژنی بەسەرا هات، شەرتی هەڵە.
* ژن ڕەوشتی شیرین بێ، با ناشیرین بێ.
* ژن قسەی ڕاسی لەگەڵ شوو کەمە.

* ژن کە هەسانی پیاوە تیژ و کرژی نەکاتۆ، خەفەتی کۆن و تازەی لەبیر نەباتۆ.
* ژن کچی شوو بکا دەماخی سازە، کوڕی ژن بهێنێ کز و لاوازە.
* ژن لە پەراسووی چەپی پیاو دروست کراوە، ڕاستی کەیتۆ نەشکێ.
* ژن لە لادێ دا کۆڵەکەی ماڵە، بێ وچان مانووی چوار فەسڵی ساڵە.
* ژن لە میّردی ڕازی بێ، بەرد بەکۆڵ دەکێشێ.
* ژن مەڵهەمە بۆ زام و برین، وەك حەسار وایە بۆ حەیا و پەرژین.
* ژن هەیە دار نەداتە دەس میّردەکەیەوە تا بیکوژێ.
* ژن و تفەنگ و ئەسپ وەفایان نییە.
* ژن و شامی ناتوانی بیناسی.
* ژن یا هەنگوینت پێ نەدا، یان پێتەوە نەدا.
* ژن یەدخۆ لە ماڵتا، ناگر بەتین لە پاڵتا.
* ژنان بەچی ئەناسی، بەداوێن و کراسی.
* ژنت حامیلە بێ و بانت تکە بکا و قەرزار بیت، بێ کێ بەر دەرگات لێ بگرێ.
* ژنێ بۆ میّردەکەی وەفای نەبێ، بۆ باوکیشی وەفای نابێ.
* ژنی پیر و پیاوی جوان، ئۆخەی ئۆخەی و گیان گیان.
* ژنی خراپ پیاو لە پیاوەتی ئەخا.

* ژنی سەرباز، نە ژنە و نەبێوەژنە.
* ژنی شارەزا، ماینی خانەزا، پێیان بنازا.
* ژنی چاك لە برای پشت باشترە.
* ژنێ گون دابێڵێ بەسەرتا، بەخێو نابێ.
* ژنی کەچەڵ بەمووی کچی خاڵی دەنازێ.
* ژنێ مارە نەکرابوو، داوای هەشت یەکی نەکرد.
* ژنی مالآن گەڕ، یان کۆڵ دێنێ یا زۆڵ.
* ژنی مێردان، لەبنی بەردان.
* ژنیان وتووە بە زوڵفە، گۆزەیان وتووە بە قەوڵفە.
* ژنێك و عەشیرەتێك.
* ژووژوو دەڵێ تڕی خۆم و سڕی خۆم.
* ژووژوو فەقیرە... مار نەخوات.
* ژیان مردنی لەدوایە.
* ژیانی کردم بە بەهەشتی سۆز، تەمەنی کردم بەمنالی پیرۆز.
* ژێر بەنە زوان و ژێر دێزە ناگر.

پیتی (ر)

٧

* ڕۆژ کە هەڵهات، ئاواش نەبێ.
* ڕۆژگار بوو بە سارد، سك بوو بە جەواڵ.
* ڕۆژووی ڕەمەزان دەوایە بۆ نەخۆشی و سەربەرزییە بۆ قیامەت.
* ڕۆژێ دەڵێی قۆچ پاشایە، شەو دەنوێ لە جلە گایە.
* ڕۆژی نەفسی نەفسییە، کەس ئاگای لە کەس نییە.
* ڕۆژێ هەور و تەم و مژ بێ، جەژنی گورگە.
* ڕۆژێکم مابێ لە کارا، کلکت نەکەم بە دارا.
* ڕۆڵە باسی کەرە شین کەن.
* ڕۆڵە لەبەر دەس دایکا هەڵ نەگرێ.
* ڕۆن بۆ هیزە، گۆشت بۆ دیزە.
* ڕۆن لەسەر پشتی بمالە.
* ڕۆیی وە گوڕە گوڕ، چەقی لە قوڕ.
* ڕابەرم هێنا ئیش ڕاپەڕێنێ، نەمزانی خۆشم لێ دەتورێنێ.
* ڕازی نەوی وە گۆڕی گۆڕخانە، تا خۆی نا وە تەڕی تەرخانە.
* ڕاستی ڕەحمەتی لێ نەبارێ و ناڕاستیش زەحمەت.

* ڕاستی زۆر خۆشە ئەگەر ڕاست نەوێ، گەر دیوار ڕووخا بانیشی ئەڕووخێ.
* ڕاهاتن بەدبەختییە.
* ڕاوە ڕێوی مەهێنەرۆ.
* ڕاوچێتی نائومێدییە.
* ڕاوی ڕێوی بۆ کەوڵێتی.
* ڕاوی شێریان نەکرد، ڕێوی خۆی نەشاردەوە.
* ڕبە کە پڕ بوو شەرم لە کەس ناکا.
* ڕەحمەت خۆرێکی قەراخ نشینە، نە کاریگەرە، نە دەس نەخشینە.
* ڕەحمەت لە شێرت.
* ڕەش بێ و بۆر بێ، هەر کۆڵ زۆر بێ.
* ڕەشە مانگ ژن تلاق نەدا، نادار مارەی نەکاتۆ.
* ڕەشوەکەی داکەندە.
* ڕەفیقی ناحاڵ دۆست بێ مەینەت، ڕەفیقی مەکە نەوێ وە مەینەت.
* ڕەمەزان نەخوا و شەشەلآن نەگرێ.
* ڕەنج بێوەر و هەناسەی سەرد.
* ڕەنج پاداشتی گەنجە.
* ڕەنج سەت سالّەت مەدە وە زایە.

* ڕەنجەکەی بووە ڕەنجەکەی فەرهاد.
* ڕەنجی فەرهاد بکێشی، گەنجی قاروونت دەس ئەکەوێ.
* ڕەنگ مەوجەکەی لێ نیشتووە.
* ڕەنگ ناگۆڕێ.
* ڕزق سواڕە و خۆی پیادە، هەر پێی ناگا.
* ڕزق یەکە و نابێ بەدوو.
* ڕزقی میوان بەر لە خۆی ئەگاتە بەرۆ.
* ڕزقی وەکو سێبەر هاوە شوێنیەوە.
* ڕوو زەردی کێشان، مایەی بێ دەسەلاتییە.
* ڕوو لە ئاسن نییە، لە گۆشتە.
* ڕووت لە قیبلە وەرمەگێڕە.
* ڕووم ڕەش بێ بازکەیانی، هەتا مابوو قەدرم نەزانی.
* ڕووی تەکبیر کەرەکەت ڕەش بێ.
* ڕووی خۆت ڕەش مەکە، قەولی درۆ بەکەس مەدە.
* ڕووی زەمانە ڕەش بێ، با ئێمە ڕوومان گەش بێ.
* ڕووی سەختە.
* ڕووی گەشە، ڕووی ڕەشە.
* ڕووی نەبوونی ڕەش بێ.

* ڕوی بەبێ مریشك هەڵناکا.
* ڕێ بەدەستی ڕێبوار ناکەوێ.
* ڕێ بەرنەدان لە دواکەوتن زاڵ بوونە.
* ڕیا شرکی ئەسغەرە.
* ڕیش تەماحکار وە قنگ موفلیس.
* ڕیشت دانا، ئەبێ شانەی بۆ هەڵگری.
* ڕیشت مەدە دەس منااڵ و توااڵوە.
* ڕیشێ بۆ ڕیاس لایبە بی بڕە، گووی خۆت و باوك و دایکتی پێ سڕە.
* ڕێگای دوور چاری ڕۆیشتنە.
* ڕێگەیان نەئەدا بۆ ناو دێ، هەوااڵی ماڵی کوێخای ئەپرسی.
* ڕێك و ڕاس بڵێ ماس، خۆتی بۆ مەکە مەاڵس.
* ڕێوی ئەو تەڵەیە نیم فێڵم لێ بکرێ.
* ڕێوی بە فێڵ ناوەستێ، مەگەر تەڵە پێی بەستێ.
* ڕێوی برا زاوا و تانجی کوێخا بێ!.
* ڕێوی تۆ ناخر لە سەیری هوردوت چی؟ ئەگەر حەزناکەی بەسەرۆ تیاچی.
* ڕێوی سەر هەسێڵەکە مەبە.
* ڕێوی فێاڵوی، ژن مەکراوییە، پیاو گێڵە و فەقیر وەك مراوییە.

* ڕێوی فێڵی خۆی ئەکا، مریشك باوکە ڕۆ ئەکا.

* ڕێوی فێڵی لێ ناکرێ.

* ڕێوی قەت لە نزیك لانەی خۆی ڕاو ناکا.

* ڕێوی لە برسانا نەی ئەتوانی بڕوات، ئەیان وت: زۆری خواردووە.

* ڕێوی لەکوونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ ئەبێت.

* ڕێوی مااڵ و شێری دەرەوەیە.

* ڕێوی نەدەچووە کوونەوە، هەژوویەکی ئەبەستە کلکیەوە.

* ڕێوی هاتۆتە پیرییەوە.

* ڕێوی وتی: مەڵێن بۆ خۆی وا ئەکا، مریشك تەبیعەتی گەرمە، با کولێنەکەی لە درۆ بێ.

* ڕێوی وتی: من سەد فێڵ ئەزانم، وتیان کامیان لە هەموویان بەکەڵکتر بوو، وتی: پێچۆ کردن.

* ڕێوییەکی گەڕۆك، لە شێرێکی نوستوو باشترە.

* ڕێی ڕاست ئەمینە ئەگەر پێدا بڕۆی، لەاڵی هیچ کەس بێگانە نیت بڕۆی.

* ڕێی ڕاست ئەوەیە ڕاستت بوێ....کەدیوار ڕووخا، بانیش ئەکەوێ.

پێتی (ز)

* زۆر دەڵێ و کەم تێ دەگا.
* زۆر مەکە لە خۆت زیاد لە ئەنازە، تەجروبەی خۆت بکە ئەجا ژن بخوازە.
* زۆردار ببۆ دۆزینەوەی بیانوو پەکی ناکەوێ.
* زۆری ڕۆژگار، مالّی مالّدار ئەڕمێنێ.
* زارم بەشیر سووتاوە، بۆیە فوو لە دۆ دەکەم.
* زالووت قووت داوە؟!
* زام شمشێر و تیر قۆلانچە!
* زامن یا دەس بەکیسە، یا دەس بە یەخە!
* زانست لە کوێ هێلانەی کرد، تۆ لەوێ میوانی بە.
* زانین ڕووناکییە، نەزانین تاریکییە.
* زانین لای زانا ئاشکرا مەکە، خۆت تووشی لەکە و عەیب و عار مەکە.
* زانین و توانین هەردوو بەکەڵکە، هەرکامیان نەبێ ئەویان بێ کەڵکە.
* زاوا بۆ ڕۆژی داوا.
* زاوا ڕێوییە.

* زایەفە داوێن خۆی دووژمنیەسی.
* زەبوون نازاردان، مایەی نامەردییە.
* زەخم نەوەشێنێ و تیماریشی نەکا!
* زەرەر و زیانی بۆ کەس نییە.
* زەردەوالّە پێوەی دا.
* زەردەوالّە گۆشتت تالّە، زیرە بدە لەو منالّە.
* زەڕینی هەیە، پەڕینی نییە.
* زەماوەنە، هەیت و هووتە، گۆشتی نییە، شۆربای ڕووتە.
* زەماوەنێك بۆ پارە سەر بگرێت، هەر لەبەر پارەش دەشێوێت.
* زەوی بۆ خۆی دەغەڵ نەهێنێ، ئەی بۆ تۆ چۆن خەلە دەهێنێ.
* زەوی بەجووتیاری وت: ڕەنجم لەگەڵ بدە بەخێوت دەکەم.
* زەوی چاك بەرهەمی چاك دەدات.
* زەوی لە ڕۆژ نزیك بێتەوە، ئاگر بەر دەبێتە نەوتەوە.
* زرتە بۆزێکە بۆ خۆی.
* زرمەی پێی دێ.
* زستان ڕۆژێکی مابێ، باوەڕی پێ مەکە.
* زستان ڕۆیوو، ڕوو ڕەشی بۆ خەڵوز مایەوە.
* زستان کە هەور نەگرمێنێ، نەڵێن بەفر نەڕووخێنێ.

* زستان هات، بەرگی هەژار درپا.
* زگە ڕۆیە.
* زك برسی خوا ناناسێ.
* زمانی نەزان، کلیلی گۆڕیەتی.
* زمسان شەوێ و پیران تەوێ.
* زوان ئامانە!
* زوان بۆ زکری خوا تێ بکۆشە، دەرمانی دەردی ساق و نەخۆشە.
* زوانی لەگەڵ سەریا شەڕ نەکا، بە هەموو جۆرێ قسەی پێ نەکا.
* زوڕنا بدەی بەدەس ناشیۆ، فوو بەسەرە گەورەکەیا نەکا.
* زوو چاندم درەنگ سەوز بوو.
* زووان لە دەمی دا نییە.
* زێڕ زۆر پاکە، چ منەتی بەخاکە.
* زێڕ ناوی زەڕە، کەریش بۆی دەزەڕێنێ.
* زیرە بۆ کرمان مەبە و خورما بۆ بەم.
* زینەت و زێوەر ژنان حەیایە، دونیا هیچ نییە هەر کا و هەر بایە.

پیتی (س)

* سۆتکەش ڕەشە، بۆنی خۆشە.
* سۆراغ کەری تۆپی و دەکا تا نالّەکەی بکێشێتەوە.
* ساغمان بەکۆڵی کەرەوە دەسووڕێتەوە.
* ساقمان بەکۆڵ کەر ئەگەڕێ.
* سالّ وەی وەیە، هەرکەس بۆ خۆیە.
* سالاّن و مانگان بزنێکی هەیە، ئەو تەنیا بزنەش غەمێکی هەیە.
* سالّەهایە هاوسێین و یەکتر ناناسین.
* سامی گۆڕکەن لە سامی مردوو گرانترە.
* ساوەر لە ئاوکە، ماین لغاوکە.
* سایلەیش دەم ئەسووتێنێ!
* سەت کە دەروازە، گۆڕ بە ئەندازە.
* سەد پینەی بکەی ناگاتە بەهار.
* سەد قەسقەوان بخۆ، بەگوێزێك ناوێ.
* سەد کە پیرە، کۆنە بەگیرە.
* سەد هۆقە ڕۆن سمێڵی چەور ناکات.
* سەر بدە، نهێنی مەدە.

* سەر بێ سەرێشە نابێ.
* سەر خۆی دەدا لە بەرد.
* سەر دانەپۆشێ و قنگی نەفرۆشێ.
* سەر لەبن بەڕە، قنگ بەشەو لە لەوەڕە.
* سەر هار و ماری لەلایە.
* سەربارەکەی ماوە بیهارێ.
* سەرە ژنانییە.
* سەرم لە مەینەت، چاوم لە زاری.
* سەری تاس شانەی ناوێ.
* سەری خۆت لە دیوار مەدە، بێ فایدەیە.
* سەری خۆی هەڵگرت.
* سەری دەگات بەعەرشی فەلەک.
* سەری دوژمن بەپەڕ ببڕە.
* سەری ڕەشەمە و کانوونێ، مێشکی پیستڕە لە قنگی.
* سەری ساغ، سەرین هەڵناگرێ.
* سەری سەگی هێناوە بەدیاری.
* سەری شۆڕ، گۆڕی مردنە.
* سەری شۆڕە.

* سەری کەچەڵ لەبن گلاێە.
* سەری کردە پەتەوە.
* سەری من بەقەد پای تۆ نازانێ، حازرە سەرم پێی لەسەر دانێ.
* سەری ناوەسۆ.
* سەری هار و مار دەلێسێتەوە.
* سەری هی خۆی نییە.
* سەگ ئەترێ و ئەڵێ: بەشم.
* سەگ بەحاڵم نەبێ.
* سەگ بەزۆری کلکی ئێسقان دەشکێنێ.
* سەگ بەکوونی خۆی ناوەڕێ.
* سەگ لە ئێسك خواردن قەت بێزار نابێ.
* سەگ لە سەگ بەردە، خۆت تەماشاکە.
* سەگ لە قەساوخانە گۆشت بڕفێنێ، قاچی خۆی نەدۆڕێنێ.
* سەگ لە کولێرەی گەرم ڕاناکات.
* سەگ هاوێژ، پاداشتی بەردە.
* سەگ وەڕی شەوە دزە، بەگ وە ڕیشە کزە.
* سەگ وتوویەتی: بریا لە مالێکدا بوایەم نۆ کوڕی تیا بووایە.
* سەگەڕدش دڵی خۆشە بەستراوەتە داری گوڵەوە.

* سەگی تۆپیوو، قەپ ناگرێ.
* سەگی خۆمانە و پاسی بێگانە ئەکا.
* سەگی خوێڕی لە دوورەوە دەوەڕێ.
* سەگی دڕ، ژنی دەم شڕ، مالّی دەم خڕ.
* سەگی سەر مەلە، وە دوولا ئەوەڕێ.
* سەگی شوێن سوارە.
* سەگێ نەوەڕێ، بەرەڵلاّی بکە.
* سەگی هەڵەوەڕ، کەم نەگەزێ.
* سەلامی لە شەراب حەرام تڕە.
* سەما هاوە لای چاو خومارەوە.
* سەیدی سەر سەوز کۆنە ڕافزی، عاسا هەڵنەگرێ ئەچێ بۆ دزی.
* سپێ قازانجی لێ ناکا.
* سپێ لە مشتیا سەرچۆپی نەگرێ.
* سپێی کوێر، شەوی حەوت سەرین ئەکا.
* سپییەکەی دەخوێنێتەوە و ڕەشییەکەی بەجێ دەهێلّێ.
* سڕ بێ و لە داوان حوڕ بێ.
* سڕ بێ وە بڕ بێ.
* سرکە تاکو ترش بێ، زیان بەخۆی ئەگەیەنێ.

* سڕی خۆم و تڕی خۆم.
* سفلە وەکو نانی ساجی وایە، بەر و پشتی بۆ نییە.
* سك تاوان نەکا و سەر تاوانبارە!.
* سلاّو لە مەهایە، نەك لە ڕەهایە.
* سمۆرە لە ڕاست عەیبی خۆی کوێرە.
* سمێڵی پیاو نابێ لە برۆی زیاتر بێ.
* سمێڵی چەور کردووە.
* سوار حوشتر بوو، سەگ گەستی.
* سوار لە ماین دێنێتە خوارەوە.
* سوار و پیادە ئارەزوویان لێ بێ دەستیان دەگا بەیەك.
* سوالّکەر هەرچەن مل لارکاتەوە، هەر درۆ ئەکا.
* سوالّی لە سوالّکەر، لە بۆ نۆکەر.
* سووچ لە قەباحەت خراپترە.
* سوێن بەسەری یەکتری نەخۆن.
* سێ شت نیشانەی نیفاقی عەبدە، درۆ، خیانەت، خیلافی وەعدە.
* سێ و دووی لێ ناکا.
* سیاسەت باوك و دایکی نییە.
* سیاسەتیان کرد.

* سیسەرك خێر لە گووی نابینێ.
* سیسەڵە مرۆ، قەت نەمرێ.
* سێکوچکەیان ناوە بان گاوە.
* سینەی بێ کینەی موحەممەد سەلاّوات.
* سینگ شێری ماکەر پشت.

پیتی (ش)

* شۆڕ نەبێ و شۆڕ نەخوا، دایکی داوای کێر زل نەکا.
* شۆڕ، شۆڕ نیشتووە لەبن گوونم، چیمە لەسەر مالّ و ژنم.
* شۆڕە ژن و شۆڕە پیاو، شەڕ و ناشت لەسەر جێگەی نەرم و نیان.
* شۆڕە ژنە ئەو ژنەی پیاوی نەوێ، هەنگوینی نەداتێ و دەردی لەشی دەردێنێ.
* شا بەخشیویەسی، شالیار نایبەخشێ.
* شا وەکو شوانە، ڕەعیەتیش ڕانە.
* شاخ شکیاوە و گوێی پینە نەکا.
* شار شێوێ، ڕشکی تێوێ.
* شار و مەجموعە دوو ڕووە.
* شار وەدەری کرد.
* شالّ من و شالّ خانە.
* شالیار بە کالیار نازانم.
* شام شەوی نەبوو، قەپی گەورەی دەگرت.
* شانامە دەخوێنێ.
* شانی داوەتە بەر.

* شای مێوە هەنگوور سوڵتان خەربزە، شووتی هەر ئاوە و خەیار بێ مەزە.
* شایی بۆ دووانە و گڕ لە هەموانە.
* شایی شادییە، مردن دۆزەخە، لە هیچ کامیان خۆت زۆر دەرمەخە.
* شەڕ ئەکرێ بەفێڵ و ناحەق سەرئەکەوێ بە بەرتیل.
* شەڕ و تڕ بەمە دەڵێن.
* شەڕ و نیوە شەڕ، هەر یەکە.
* شەڕت پێم مەفرۆشە، مەڕت لە لاما مەدۆشە.
* شەرتە کەڵەمەت بجەڕێنم.
* شەرع مار بەدار، بەخۆت یا بەزۆردار.
* شەرم و حەیا خۆشبەختی هەر دوو دنیایە.
* شەڕی ژن و مێرد شەڕی منااڵە، زوو ناشتیان ئەبێتۆ لەژێر جێگەدا.
* شەقی غەرەز دیارە.
* شەکەری شکاند.
* شەل نییە و قاچی شکاوە.
* شەلە باوان و کوێرە باوان.
* شەلە مارەت نەکەم وەك مار ئەتکوژم، هەر وەکو دوژمن خوێنت نەمژم.

* شەلەم داویە لە کەلەم، بۆیە نەوەنە بە پەلەم.
* شەلەم شیرینی ئەکا، ئەگەرنا خۆیشی حەز ئەکا.
* شەلکەی پا شکاو نییە، ئەو ژنە هەر موشتەری زۆرە.
* شەمامەی بێستان، بۆ دەس چاو مەستان.
* شەمە بکە کار، شەمە بکە بار، شەمە بووکی لێ مەکە سوار.
* شەمە کار و شەمە بار، شەمە بووک ناکرێ سوار.
* شەنە لە مەنە کەمتر نییە.
* شەو چەند درێژ بێ، شەفەقی لە دوایە.
* شەوگار درێژە و عەودالّ بەتالّە، بۆیە هەر خەریك ئەم مالّ و ئەو مالّ.
* شتێ لە خوا نەشاردێتەوە، بۆ لە بەندەی بشارمەوە.
* شڵپەی ئاو تێ، مێوانمان تێ.
* شمشالّ بەلێو لێ دەدا.
* شمشێر زۆر کەس ئەکوژێ، شەراب زیاتر.
* شمشێر و ئەسپ و ژن کە بێ وەفان، هەر ڕۆژێ یەکێکە ساحێبی نەوان.
* شمشێری چاك لە ئاسنی خراو دروست نابێ.
* شوان بێ یا گاوان، یەکێکە لە باوان.

* شوانی ناپاك لە گورگ خراپترە.
* شوکری نیعمەت نیعمەتی تۆ زیاد نەکا، کوفری نیعمەت هەرچی هەس بەر بای نەکا.
* شووشە شکا، جێی خۆی ناگرێتەوە.
* شووشە لە بەردە و بەردیش نەیشکێنێ.
* شووم بۆ پینە و پەڕۆ نەکردووە.
* شووی پێ کەوتووە.
* شوێنی خۆت بناسە.
* شێخ شێت دەکا و مەلا سەرگەردان.
* شێخە لاتێ وەك من هەر نەوەی لەدەس تێ.
* شێر نەگەر بتخوا، پەنا بۆ لانەی ڕێوی مەبە.
* شێر نەگەر پیر بوو، کوللەی پێ بگرە.
* شیر مردەیە.
* شێر هەیە و بەوریش هەیە.
* شێر و پڵنگ بۆ نینسان وەزنیان زۆر کەمە، بەڵام چەفڵی نامەرد هەر لە مریشکی فەقیر خواردن خەریکە.
* شیرت دادا.
* شیرەی نەکسۆزەکەی تێ.

* شێرەی ترێ تێ.
* شێری بێ دەسەلآت، چەقەڵ ئەیخوا.
* شێری یا ڕێوی؟
* شیرینی بەزیاد بێ، نۆرەی دشلەمەیە.
* شیرینی گشت کەسێ دەیخوا، مەرد ئەو مەردەیە تاڵی بخوا.
* شین ئەکەم بۆ دڵی دڵخوازم، بۆ ئەو کەسەی بەدڵ ئەیخوازم.
* شین بۆ کێر زل ئەکا.
* شین و شایی بەقەرزە.
* شین و شایی دەستە وایی.
* شین و شایی مەکە بەنانەواز، ڕۆژێ دێ ئەپرێژی فرمێسکی ژان.
* شین و شین هەردوو جیاوازن، ژن و ژنیش لێك جیازن.
* شین و شینەوا، دانشین بۆ دۆینەوا.
* شینە ئەو چاو و دڵەی هەمیشە شینە، خۆم بەقوربان ئەو دڵە پاکەی وەك ئاوی شینە.
* شینم کرد هەتا توانیم، یارم نەگەڕاوە لە ڕێی کانی.
* شینم نییە بۆ کوزی یارم، شینمە بۆ دڵی پاکی دڵدارم.

پیتی (چ)

* چ باسە؟ هەموو هەر سەری تاسە.
* چ تەونێ، چ تەونۆکێ.
* چ دایەنێ لە دایك باشترە؟
* چ دڵێ بێ و خەم نەبێ تێیدا، مەگەر کەلاوە کۆن بێ و کەس نەچێ پێیدا.
* چۆ گەییە ئێسقان!
* چۆلەکە بخۆ و مەجیکێنە.
* چۆلەکە نابێتە کەفیلی ڕیشۆڵە.
* چۆلەکە! هازت کامە تا بازت کام بێ؟
* چۆلەکەیەك لە داێ کەوتە خوارۆ و وتی: چوار کیلۆ کەمم کردووە ئەوەندە ترسیام، وتیان: تۆ خۆت دە مسقاڵ نابی، چۆن چوار کیلۆ کەمت کرد؟ وتی: هەرکەس سەنگ و مەنی خۆی.
* چۆلەکەیش خوای هەیە.
* چۆلەکەیش قنگ هەڵنەتەکێنێ.
* چۆن حەریر نەدرێ بەپینەی گونیا؟
* چاکە بە یەك لا نابێ.

* چاکە بیخەیتە بن گۆم ون نابێ.

* چاکە لە چاکە ئەبێتۆ.

* چاکەت لەگەڵ خەڵك زووانی ئەبەستێ، بۆ خراپ کاریش دەستی ئەبەسێ.

* چاکەیان سووزنە، ئەویش کونێکی لەبنە.

* چاکم بۆ چاك کەردوە، کەشکت بۆ دەنێرم.

* چاکی و خراپی خۆت بۆ خۆت.

* چاو پۆشی لێ کرد.

* چاو پشیلە بایەکی بەسە.

* چاو رِشتنمان کاڵەوە بوو، شوو کردنمان بەتاڵەوە بوو.

* چاو زۆر کەسی خستووەتە ناو قەبر و زۆر حوشتریشی خستووەتە ناو دیزەوە.

* چاو چاو نابینێ.

* چاو لە دەرە، قورِ بەسەرە.

* چاو لە چاو شەرم دەکا.

* چاو متمانە بە باوکی خۆی ناکا.

* چاوبازە ناگیرێ.

* چاوە ڕاسەکەم، چاوە ڕاو مەکە، خۆت تووشی دەردی بێ دەرمان مەکە.
* چاوم کەوتە هاوسەران، منیش کەوتمە هەڵەداوان.
* چاوی بۆتە چاو قورباقە.
* چاوی بەرایی نادا برای خۆی ببینێ.
* چاوی پەڕیوەتە تەوق سەری.
* چاوی خێڵ یەك بە دوو دەبینێ.
* چاوی دەرهێناوە و مل بەرز ئەکاتەوە.
* چاوی دوژمن کوێر کەرە.
* چاوی ڕشتووە بۆ گەمە، سووژن لووتەی سەگ دەمە.
* چاوی شکاندە.
* چاوی شینە، قژی زەردە.
* چاوی لە گەورەیە، برسێتی پشتی شکاندووە.
* چاوی لێ باز کردۆتەوە.
* چاوی هار و مار دەردەکا.
* چاوی هاوە دەست خەڵکیوە.
* چاویان بۆ بینین و گوێیان بۆ بیستن داناوە.
* چە شایی سەر ودەوی مەوەستۆود.

* چەپەڵ بە چەپەڵا ئەڕوا.

* چەپڵە دەمە.

* چەقۆ کۆنەی خۆمە، خۆم مشتووم لێ گرتووە.

* چەقەنە لە زاری خۆی دەدا.

* چەکی دەس براتە، پارەی باخەڵت مانّتە.

* چەڵتووک حەز ئەکا بنەکەی لە ئاو بێ و سەرەکەی لە ئاگرا، بۆیە لە گەرمیانا بڕشتی زۆرە.

* چەم بێ چەقەڵ نابێ و بێشەش بێ شێر.

* چەن خۆشە ئاشتی لە دوای قار و قین، تۆبە کردن پاش کوفری ڕەب العالەمین.

* چەنێ لارمە، تەرسەقولێ بارمە!

* چەوەنەریش خۆی بەمیوە دانەنێ.

* چرا لە پشت سەرۆ ڕۆشنایی نادا.

* چرایەك کە خوا هەڵی گیرسێنێ، هەر کەس فووی لێ بکا، ڕیشی ئەسووتێنێ.

* چل خەم، چل خەیاڵ، چلیش وەسوەسە، سێ چل چۆن دەرکەم بە یەك هەناسە.

* چلکە فیکان ئەزانێ و فرمان کردن نازانێ.

* چوار برا بوون، یەکیان لێوی نەبوو، پێیان نەوت فوو بکە لە ئاگر.
* چوار پای سەگە، سەگیشی نییە.
* چوار پای قورسییەك و ڕەشە ولاخێك و دیزەیەك.
* چوار چت لە چوار شت تێر ناون: ژن لە شووی خاس، زەوی لە باران، ئینسان لە زانین، چاو لە ڕووی یاران.
* چوار فەسڵە خۆشە نەوەك بەهاران، قاسپە قاسپی کەو لەناو گوڵزاران.
* چووم بۆ دێی نەڕان، ساقەکانیان بە کۆڵ کەر نەگەڕان!
* چووی بۆ دوور، بووی بە پوور.
* چی بکەیتە غەمباری، هەر نەوە دێتە خواری.
* چی مێوژێك چ کەویژەك.
* چێش مەنەن وە نەم نەکەری.
* چێشت خۆش بۆ نەخۆش.
* چێشتی خۆش سەر لەبەیانی دیارە.
* چێشم وەوێم کەرد چێش وەنەم ناما، ڕەیحانەم شانا پەیکوڵ بەر ناما.
* چیغ بێ چیغ ڕاوەستێ.

پیتی (گ)

* گۆڕی گوومە.
* گۆڕی هێنایەوە گۆڕخانە.
* گۆشت خۆی تاڵ نەکا، قسەی بێ نسوڵ نەکا.
* گۆشت لە من و مەقاش لە تۆ.
* گۆشتی بۆ خەڵکە و گۆشتاوی بۆ خۆیەتی.
* گۆشتی کولاو کاڵ نابێتەوە.
* گۆچانی پیر قەت ناچەمێ.
* گۆچانی فڕێ داوە.
* گا بەتەنیا گێرە ناکا.
* گا بەدەم جووتیارا نەڕوانێ و ژێردەستیش بەدەم گەورەیا.
* گا بەدەنگم ناڕوا و کەسیش بەگوێم ناکا.
* گا پاڵەوانە، بزن دارەوانە، مەڕ مەڵەوانە.
* گا قوونییەتە زگی.
* گا لە گێرەی گاگۆزەی خۆی سەری ئێشێ.
* گا وێڵ دەکا، گوێرەکە بەخێو دەکا.
* گا، گا بەخەروار نەنێرێ بۆمان، گا، گا بەمسقاڵ بەشی نەکا لێمان.

* گاسنێ لە گاسنان، سەد سالّ بیکەیتە دەرزیان، هەر دەچێتەوە سەر ڕەسەنان.
* گاسنێك خۆی برشتی نەبێ، سەد ئاسنگەر تیژی ناکا.
* گالّ ئەخۆیت و هێلکە ناکەیت، سەرت ئەبڕم و ئەوە دەردت بێت.
* گام بەبارەوە وەستاوە، کوڕم فێری خوێندەواری دەکەم.
* گانی خۆتت کرد.
* گاوانە هەر باوانە.
* گاوەسنمان زۆر لەم ئەرزە داوە.
* گای جووتی زیادە، خزمەتی ئەوێ.
* گای خۆی تووڕە ئەکا.
* گای کێ لەم کێلگەیەدا گێرە دەکا.
* گەدا پالّەوان خوایە، چونکە هیچی نییە تا لە خەلّك بترسێ.
* گەدێ و گاوێ، سەرە و ماساوێ، ئاوە و کاریزی، قنگەری ڕێزی، گەناو بەیێ، ماس و مەیێ.
* گەر تێ ئەکۆشن، بەسیەتی نووسین... شۆڕش ناکرێ، بەتەشی ڕستن.
* گەر دۆست وەفادار بێ، ناحەزت داوت بۆ ئەنێتەوە.
* گەڕ و گولە، تڕی زل بووە.
* گەڕام سەد و سی و دوو دەرە، نەمدی ئادەمی دوو سەرە.

* گەرەکتە تەواو نۆك و نەخۆشەرەکەت پێ بێژم.
* گەرەکتە خۆشت لێ بڕوا، خۆت بە لە شێتی.
* گەرەکتە خاك بکەیتە سەرتا، بڕۆ سەر کۆگای گەورە.
* گەز و قەیچی هاوە دەس خۆیەوە.
* گەزۆی داری مازوو داری ویوڵ نەبێ، گەزۆی دارەکانی تر بەکار نایە.
* گەماڵ زۆری بۆ بێنی بەقەد تانجییە ڕا نەکا، کەسێ تەجروبەی بێ، بەم قسە بڕوا نەکا.
* گەمە تاوێ خۆشە، نەوەنە خۆشە لە تاقەت دەرنەچێ.
* گەمە و گاڵتەی کەر، یا گازە یا گووز، یا هەڵخستنە یا هەڵجووز هەڵجووز.
* گەمەمان گەمەیە، کلکە قنگێمان هەر گەمەیە.
* گەنج وا لەپێی ڕەنجا.
* گەنجت بەبار بێ، بەژەهری مار بێ، نەمسااڵ بەقوربان ڕۆژێ لەپار بێ.
* گەواد هەمیشە ملی خوارە.
* گەوج و ڕاجە.
* گەوهەری خۆت مەدە لە سەنگ.
* گەیشتی بەترۆ، لێیدە بڕۆ، با نابڕووت نەچێ نەبی بە پەڕۆ.
* گەیمە ناداری، دوو ترم بەردایە زستانێ.

* گردە کوونە، بەس بۆ نێمە قەدەغەیە.

* گرفتاریّ ئەبینی، گەمە و گاڵتەی پێ مەکە، گوناهیّ زۆر گەورەیە و چاولێگەری کەس مەکە.

* گرێیە بەمووی، هەتا سەر گووی.

* گشتی کاڵەك، یەك پەتەکە.

* گفتار نیك، ڕفتار نیك، پندار نیك.

* گڵ کەوە کەوتووەتە بەینمان، بۆیە لە یەك تۆراوین.

* گوژاڵك نابێ بەشووتی.

* گورگ ئامۆژگاری و تۆبە هەڵناگرێ.

* گورگ بەسەگی وت: بۆکەی خۆتم بدەرێ، من هەر چاوی خۆمت نەدەمێ.

* گورگ بچێتە ناو ڕان، لە دوورۆ دەم ئەکاتۆ، ئیتر دەمی بۆ ناکرێتۆ لە خۆشیا.

* گورگ چووزانێ جووتێ شەك چەنێ ئەکا، بۆیە دەستی تێ ئەچێ بیخوا.

* گورگ نەهاتووە گەنیو بخوا.

* گورگ هەر کامیان بریندار بێ، ئەوانی تریان گەلە کۆمەی لێ ئەکەن بۆ ئەوەی بیخۆن.

* گورگەکەی سەرکاریێ، هەر بەدەنگی دەهۆڵ گیانی دەرچوو.
* گوریس پچڕا، چوار سەری لێ ئەبێتەوە.
* گوڵ دەسە برای پیسە، کە ئەبن بەهاوکیسە.
* گوڵ وش ئەبێتۆ، بەڵام بۆنەکەی هەر دەمێنێ.
* گول، لە گەڕ و گولی مەڕوانە، لە گوڕ و عەدلییەکەی بڕوانە.
* گوڵاڵە مەسانە دەشتان دانەگرێ، تەماشا کردن هیچ کەڵك ناگرێ.
* گوڵاڵە هەردانە هەزار دەرمانە، خۆزگەم بەو خوشکەی برای میوانە.
* گولە بۆ گیزەت.
* گوڵە گاگرۆ، بەهاری هێنا بەدرۆ.
* گوڵەبەڕۆژە وتی: لەگەڵ ڕۆژدا دەیسوڕێم.
* گولەی نێمە ڕۆی وە تسە تس، هەزاری لەوان پاڵ خست.
* گوڵی ناو دیوەخان و بەر ناگردانە.
* گونیشی تێ خستە.
* گوو لە ئاو کردن کار چەقەڵە.
* گوورگانە خواردی کرد.
* گوون یان شۆڕ ئەوێتۆ یان ئەچێتە یەك.
* گوونی ئاوی پیاکە تەڕ ناوێ.
* گوونی تووکی دەرکردە.

* گوونی گووندار دەرئەکا.
* گوونی قۆڕ کرد.
* گوونی لێ کردۆتە چوار.
* گوونی ها لەمشتیا.
* گووی دەرخوارد داوە.
* گووی دەرمانە.
* گووی قیرینمان پێ دەکا.
* گووی کردۆتە ناو شەواڵ خۆی.
* گووی کردە بەشەکەی خۆی.
* گوێ ئازیز، گوارە ئازیز.
* گوێ لە مشت کەس مەبە، شەرع لە دەس مەدە.
* گوێرەکە سوورە پێی پیا ناوە.
* گوێرەکەی فەقێر هی دەوڵەمەندی بەستەوە.
* گوێرەکەی فرە خاوەن گورگ ئەیخوا.
* گوێرەکەی نەگبەت، گوێرەکەی ئامەی بەستۆ.
* گوێرکەی باری هەر منالّی دیارە.
* گوێز لە هەورامان زۆرە.
* گوێز لەسەر سنگی بشکێنە.

* گوێز مەخەرە ژێر پێم با نەکەوم.
* گوێزی خۆمانە بۆیە پووکە.
* گوێی تەقاندە.
* گوێی پڕە.
* گوێی لێ خەواندووە.
* گوێی مێزی تێ کراوە.
* گیا نەوەیە بەدەمی بزان خۆش بێ.
* گیای بەر مالێ تالّە.
* گیای بەهاران، بدە بەشێت و هاران.
* گێجەنەی دەرگاکەت بگۆڕە.
* گێجەنەی دەرگاکەتم لەسەر چاو دابنێ، نالێم وەی، ئەوەنە تۆم خۆش ئەوێ.
* گێرە بنەی مانگا بێ، تێك نەچێ.
* گێرە شێوێن مەبن.
* گێل و هەرگیز خەمناك و دانا هەمیشە خۆشحاڵ نییە.

پیتی (ع)

* عادەتی پیاوی گەورە، گەورەترین عادەتە، شوێن کەوتنیان بۆ ئێمە سەربەرزی و سەعادەتە.
* عاسە وە بەردا، سافە وە پشتا.
* عاشق گولّ وا بەدەسیۆ، عارف وا لە باخەلّیا، نەبلەھ نەینێ بەسەریۆ، بێ نەوا لە کەمەریا.
* عاقیبەت خێری لە هەموو شتێ باشترە.
* عەشق سەری داویە لە بەرد.
* عەقلّ لە جوان خاسترە.
* عەفلّ بەردش وە لێو ناوان، بەنە چە بەنە مەگێرۆ تاوان.
* عەیبێ بپۆشە، جەننەت بپۆشە.
* عەیبی خۆت شۆرە بەدەستی چەپت، بەدەس ڕاس خۆراك ببە بۆ دەمت.
* عوزر لە گوناح بەدترە.
* عومری بە عومری، گیای گەلّپە بێ.
* عیبادەت تەنیا خزمەت بەخەلکە، تەنیا تەزبیح و بەرمالّ بێ کەلکە.
* عیسا بەدین خۆی و موسا بەدین خۆی.

پیتی (غ)

* غەریب ئەو کەسە نییە وا لە شام و یەمەنا، غەریب تەنیا کەسێکە وا لە قەبر و کەفەنا.
* غەریب لە بەرۆ ددانی زلە و دواوۆ قنگی..
* غیرەت بۆ پیاو چاکە.
* غیرەت ئەوەسا پیاو بینوێنێ.
* غیرەتی نەماوە.
* غیرەتی لای ژنەکەی جێ هێشتووە.
* غیرەتی ژن هی پیاوە، چاکەی پیاو هی ژنە.
* غیرەتی ژن ئەوەیە ناوی نەبرێ.
* غیرەت ژنێکی نییە.

پیتی (ف)

* فاسقی خەمسە دیارە، دووپشك و مشك و مارە، قەلە بازەڵە و کۆلارە.
* فەقێ هەشت و کەوچك نێ، یەکیان خنکا بەبێ دێ.
* فەقیر ئەوەسا ئەیوەن بێ قەساوخانە.
* فەقیر بەشی خوراوە.
* فەقیر بەقنگی خۆی ناتڕێ.
* فەقیر گوو ئەکا، چیلکە ئەچێتە قنگیا!
* فەقیر کە مرد، چەن گەزە جاو قەرزار ئەوێ.
* فەقیر هەقی لە بای ئێوارە خوراوە.
* فرە خۆر و کەم دەسەلاتە.
* فرتە و بانی شار.
* فرسەت لە دەست مەدە.
* فرمێسکی چاویش بە قەرزە.
* فری سوارە.
* فکر چرای مێشکە.
* فلقە مەڕۆیە.

* فوو لە ڕەش و بۆر ناکا.
* فوو لە چرای خوا بکەی، ڕیشت ئەسووتێ.
* فووی خۆت لە گووپی خۆت.
* فیتنەی دوو زوبان دۆست لە دەست ئەدا.... ئەوەی گوێی پێ ئەدا دۆست لە دەست ئەدا.
* فێربە کە لە دڵدا نارەحەت بووی، بەزمان مەی درکێنە.
* فیڕنە گوولە، ئاوی پاییز ناخواتەوە.
* فیڕنە گوولەیە.
* فێری ڕۆشتن ببە، ئەجا ڕابکە.
* فیکە بەبرای بێ لێو نەکات.
* فیکەی خۆم ئەناسم، باریکە، درێژە.
* فیل هەیە و کەرکەدەنیش هەیە.

پیتی (ق)

* قاپی ئاسن، ئیشی بە قاپی دار نەکەوێ.
* قادرییە و سەر پەتی.
* قارچك و پیچك سوورە بنە، دایکە بیخۆ کۆڵی منە.
* قاز لاسایی بازی کردۆ، بۆ سێ قنگی دەرهات.
* قازانج سەر مایەی خوارد.
* قازانی مێردان بەچل ساڵ دێتە جۆش، کە هاتە جۆش دێر ئەبێ خامۆش.
* قازی خۆی نەمردووە، کەرەکەی مردووە.
* قاڵ دوای گورگە.
* قاڵاو بەشۆردن و سابوون چەرموو نابێتۆ.
* قامەتم زووتر وەك نەلف بوو، ئێستا وەك نوونە و لەبەر هات و چوو.
* قانی داوە.
* قەپ لە ئەژنۆی خۆی دەگرێ.
* قەحبەی بێ شەواڵە.
* قەحپە دەمی ناگیرێ.
* قەحپە لە بەردەم مااڵی خۆیدا دەمی زڕە.

* قەچپە لە کێڕی زل ناترسێ، لە کێشانەوەی ئەترسێ.
* قەچپە لە کێڕی قەوی بترسایە، گانی نەنەدا.
* قەچپەکەی وەبان گاوە گاییە و دەستی بەمنا هێناوە.
* قەدری بێ قەدران بگری حساوە، قەدری قەدرداران زوو گیراوە.
* قەدری سەگ بگرە لەبەر خاتری مالّە دراوسێ.
* قەرز ئەکا و زەکات ئەدا.
* قەرز برای سوالّە.
* قەرز بکەی لە هەرکەس زەلیلی ئەوی، ئەو ها لە سەما و تۆ وای لە زەوی.
* قەرز دانەوە، نیشانەی سەر ڕاستییە.
* قەرز مەکە لە دۆس و قەرزی پێ مەدە، جار جارێ نەوێ سەری لێ مەدە.
* قەرز نەخۆش ئەکەوێ، بەلاّم نامرێ.
* قەزا و بەلاّ، شاخی لێ ڕوا.
* قەزای دۆستێ دەخەم لە هەزار قەومی خراپ.
* قەزای دەسم بکەوێ لە چاوم.
* قەساسە، قالە مەسە.
* قەل بە قەل، کۆتر بە کۆتر.

* قەل هەڵفڕی، قشقەڕە لە جێیە.
* قەل وتی: بەچکەم بوو بەدوو، تێرم نەخوارد لە گوو.
* قەڵەمی بڕشتە.
* قەول و بەولییە.
* قەوڵم دا بە تۆ وامزانی گوڵی، پەشیمان بە خۆم تووماس پەیکوڵی.
* قەولی بەولییە.
* قەولی وەسە بەولی.
* قەوم بەقەومۆ نەکاتۆ، بێگانە بەقڵۆرە دارۆ.
* قەوم لەبەر چاو قەوما سووکە، ژن و ژن خوازیان هەر پووکە پووکە.
* قەومان شەڕیان کرد، قەڵتەبانان بڕوایان کرد.
* قەومان و خوێشان گردیانە و وێشان، تەنیا دانیشتم خاتر پەرێشان.
* قەیسی بێرە ناو دەمم.
* قڕەقڕ یا لە مانّ نەکەوێ یا لە گیان.
* قسە بۆ یەکێ بکە قەدری بزانێ.
* قسە پارە ناکات.
* قسە شەو چەرەی مالانە.
* قسە گەوهەرە، نەقلیش جەوهەرە.
* قسە ناجاوێت نەیداتە دەرۆ، هیچ خولکی ناکەن نەچێتە بەرۆ.

* قسە ناڕواتە گێرفانەوە.
* قسە هیچی تێ ناچێ.
* قسە وەک گولەیە لە دەم دەرنەچێ.
* قسەکردن وەکو بڵقی سەر ئاوە.
* قسەی ئینسان مەگێ.
* قسەی خۆش، بەهاری کێرە.
* قسەی خولە ناوی بڵەی لەبێر بردۆ.
* قسەی سەر خوانچە، بەتاڵە.
* قسەی سواڕە.
* قسەی قۆمبڵیانە لێ نەدەی.
* قسەی قاقی هات بیکە.
* قسەی وەک کوچک و کڵۆیە.
* قسەیە پێی قەڵەو نەبم، بۆچی پێی لاواز بم.
* قسەیە دوو نەفەر پێی بڕەنجێ، مەیکە.
* قشقەڕە بێ تەماح پشتی کەر ناخورێنێ.
* قشقەڕە دۆمان، هەڵپەڕە بۆمان.
* قل بە فل حاڵی بووە.
* قنگ حیزی باشترە لە دەم حیزی.

* قنگم نەوێ کۆزەر بکوتێ.
* قنگی "کوزی" جێی متمانە نییە.
* قنگی بۆن گووی لێ تێ.
* قنگێ فێری ترپین بێ، تەرکی ناکا.
* قنگی ناتەقێتە تەڵەوە.
* قنگی ناوەتە ناو ناو سارد.
* قوڕ یاقووت دەشارێتەوە، بەڵام پیسی ناکا.
* قوڕی زستان عەفووە.
* قوولاێی ڕووبار، بەقاچت تاقی مەکەرەوە.
* قیاسی کەشك نەکەی لەسەر مشك.
* قیبلەی ژنان، مالّی باوانە.
* قیتە قیتکەرە.
* قیتە قیتیانە بقوولێنن.
* قیمەت و نرخی هەرکەسێ، گوفتار و ڕەفتاری خۆیەسی.

پیتی (ک)

* کۆتەڵکۆیە هەر ئەمڕۆیە.
* کۆتەی دار قەسوان هەڵگرن بۆ هەرمێ پشتوکان.
* کۆتەی دار قەسوان، بەناو نابێ جوان.
* کۆسە کۆسە و کەس کەسە.
* کۆسی کەوتووە.
* کۆمەك بکە برای دینت.
* کۆمەڵێ مسکین سەر ناگرێ.
* کۆنە جوولەکە، لە ڕۆژی شەمان دا خەمبار ئەوێ.
* کا خۆر جێی گەرمی بۆچییە؟
* کابرایەك کە فرەی ئەوت، پڕ مشتێ زوانیان بڕی.
* کار خێر هەر جووتە مەکە، بەر لە خەرمان بەرکوتە مەکە.
* کار نییە خوا دڕووسی نەکا، سابیر ئەوەیە کە هاوار نەکا.
* کار نییە خوا نەیکاتە بزن، ئەگەر قەساو بیتێڵێ.
* کارەکە خۆی کردوویەسی بۆیە ئەوەنە بێ خەمە.
* کاروان ئەڕوات و ڕێگای خۆی ئەبڕێ، سەگیش لە دواوە دەم خۆی ئەدڕێ.

* کاروان بەرەو دوایە، مردنیش هەروایە، کە نۆبەی تیایە.
* کاروانچی کە ماندوو بێ، جنێو بەخاوەن ولاخ ئەدا.
* کاروانێ بە کەر خۆی ئەڵێ خاڵۆ، بۆ ڕاسی کار خۆی ئەیکاتە مالۆ.
* کاروانێ مانگا پێشەنگی بێ، ئاو ئەیبا.
* کارێ باشت نەکردە!
* کارێ بکە بۆ سەواب، نەشیش بسووتێ نە کەباب.
* کارێ بکە هەم خوا پێی خۆش بێ و هەم بەنە.
* کاری چکە؟!
* کاری نا بەدڵ تەوقە لە گەردن، خەمی لاناچێ مەگەر بەمردن.
* کاری نا بەدڵ، بەردی سەر دڵ.
* کاسبی و ماندووێتی، چیمانی پێ هێشت؟
* کاسە لە ئاش گەرمترە، بێگانە لە ساحێوکار خوێن گەرمترە.
* کاسەی چەور، ئاو ناگرێتە خۆی.
* کاسەی کەیبانۆ تەقەی نایە.
* کافر کوشتن غەزایە، بەلآم بەمروەت.
* کاك بلەی ئێرە و خلەی ئەوێ، هەر یەکن.
* کاکە گوو مەخۆ تۆ لە من گەورەتری.
* کاکە فلووس و مامە عانە، هەزار خزم ئەکاتە بێگانە.

* کالاّ کێ دڕی، کەس نەیپرسی.
* کاڵەك لە باخەڵی ناوەستێ.
* کاڵەکە مارانە تاڵە و بۆ ژانە سك دەخورێ.
* کاڵەکی گەیبو نەیبڕی، بڵێ نەوێ.
* کاهی بخۆر، ڕاهی بوو.
* کای کۆنە یاخوا ئاوری تێ نەچێ، پیر بەپیری بۆ دڵداری نەچێ.
* کەر نەزانێ نەعنا چییە.
* کەر نەڵێ: بارمکەن لە مس، نەك لە کووس.
* کەر نێش بگەیەتە گیانی، نەوەنەی باگیرێ ڕانەکا.
* کەر باری قورس بێ، نەترێ.
* کەر بە لێدان نابێتە نەسپ.
* کەر بەترین لە دەستی گورگ ڕزگاری نابێ.
* کەر بەجۆ بمرێ شەهیدە.
* کەر بەدوو دەنك جۆ ئەسەڕێنێ.
* کەر بەستە و خاوەن ڕەستە.
* کەر بێ و گا بێ، پێی عەلی لە حەوا بێ.
* کەر بێنە و ئەم ترۆییە بار کە.
* کەر تووڕەکەی جۆیان کردە سەری، هیچ مافی نامێنێ.

* کەر زۆرە، کەچی من داماوم بۆ بار بەرێ.
* کەر چووە بەغدا، بوو بەهێستر.
* کەر چیەتی بەسەر نوقڵ و نەباتۆ، هەر کا و جۆ ئەخوا و هەڵئەخاتۆ.
* کەر فەقیرە هەر باریێکی لێ نەی ئەیبا.
* کەر کە سەرانی، گورگ بۆ خۆی پەیدا ئەکا.
* کەر کەوتە و باری نییە.
* کەر کوڵ و بار سووک.
* کەر لە قوراوا نەگێ.
* کەر مەلە ناکا.
* کەرە کەوە من بەتۆمە و گوێ بگرە.
* کەرەمەکەی کەرەم خانە.
* کەرویشک بەرەو ڕووی ڕێبوار بێ، نەگەبەتییە.
* کەرویشک وتوویەتی: کەیبانۆ دزی لە گۆشتەکەم نەکا، وەردی زەماوەندی ئەدەمۆ.
* کەری پیر و هەوسار نۆ، سەرە سەرپەتی لە دەوری جۆ.
* کەری خۆمە و گوێی نالێ ئەکەم.
* کەری خۆمم لێ بۆتە بەرموزن.
* کەری خۆی لە پرد پەرانەتۆ.

* کەری دێزە بۆ خاوەنەکەی بەلاێیە.
* کەرێکم بەنێ با ئالف بێنم بۆ کەرەکانم.
* کەرێکم داوە کەرێ، قوزەلقورد لەبن کلکی دەرێ.
* کەس پێی نالێ کیلۆیە چاکەت بەچەن.
* کەس دۆی خۆی نەڕژاندووە، تا من ماستی خۆم بڕێژم.
* کەس لە ئاغا باشتر نۆکەری خۆی ناناسێ.
* کەس لە شەڕدا شەکر ناخوا.
* کەس لە کەس و تێکە و لێکەیە.
* کەس منی نەخەڵەتاندووە، ئەو کەسە نەبێ کە وتوویەتی: خۆت وەکیلی من بە.
* کەس نەبێ، ڕەجەب سەر پالاێیە.
* کەس و کار لە پیاو جیا نابێتەوە.
* کەسێ تاریف خۆی بکا، زەکات گەوجی خۆی دەرئەکا.
* کەسێ دەرس بە تێنەگەیشتوو بڵێ، بەناحەق خۆی ماندوو ئەکا.
* کەسێ دەم بخاتە دەم بێ حەیا، ئابڕووی خۆی ئەبا.
* کەسێ شەڕ بکا، بەخوێنی خۆی یاری ئەکا.
* کەسێ گیانی تیا بێ، نانی بەنێ و لە ئیمانی مەپرسن.
* کەسێ قسە بکات و گوێی لێ نەگرن، پێی ئەڵێن بڵێ وڕ.

* کەسێ لێم پرسێ ئەم دنیا چۆنە، ئەڵێم ئەم دنیا پیرەژنی کۆنە.
* کەسێك ناچار بێ لەجوویش دەڵێ بەڕیشی مەردانەت قەستەم.
* کەشکیش برای دۆیە، هەردووکیان هەر بۆ تۆیە.
* کەچەڵ پیاوی ئەم مەیدانە نییە.
* کەچەڵ، شەمامەی باخەڵ.
* کەڵەشێری برسی خەو بە خەرمانی ئاو بردووە نەبینێ.
* کەللەی زلە، زەینی کولە.
* کەم بوو، چ؟ هاتی بۆ فرە؟
* کەم زانی بڕێسە.
* کەم چەقە چەق بکە.
* کەمالّی ئینسان بە نەدەب و زانینە، کەسێ تا ئەم دوانەیەی زۆرتر بێ، کەمالّی زۆرترە.
* کەمتیار گۆشتی بۆگەن نەخوا.
* کەمم تێ بنێ و بمجاوە، لەزەتم وا لە دواوە.
* کەوش و جلی ڕەش، موسیبەتە و دەرد، بۆ لابردن خەم باشە کەوشی زەرد.
* کەوچکەکەی خۆت بدە من و تۆش بۆ خۆت سەیر بکە.
* کراس نەوێ لە بەرم، هەوێ نەیەتە سەرم.

* کراسێ بەپیسی بیدڕی، بەسەد ئاو پاکی نابێتەوە.
* کردی بەکەری نیوەزەڕ.
* کرێ نشینی و خۆش نشینی منەت و شاباشی کەسی تیا نییە.
* کزەی تۆ، بزەی منی بڕیوە.
* کزن بۆ بزن، گاگۆز بۆ گا.
* کەچ تا دابنیشێ بەخت هەڵ ئەنێتەوە، شووی باشتر ئەکا باش ئەحەسێتەوە.
* کچ تەشی دایکی ئەڕێسێ.
* کچ دەڵێ" کڕینم گرانە، بەخێوکردنم ئاسانە.
* کچە قەرەچ و خاتوونیان نەتووە.
* کچی حەسەنی، بوو بە مەدەنی.
* کچی شێخی ئەوێ و شیروایی تەنیا کاوڕێکە.
* کلاشی خەڵکە و مانگە شەو، هەروا ئەچم تەقڵە دەو، هەتا نزیك نیوە شەو.
* کلاۆ ئەناتە سەر شەیتان.
* کلاۆ ئەنێتە سەر شەیتان.
* کلاۆ تۆ قازی.
* کلاۆ دانێ و مەعنای بۆ دانێ.

* کلاوی هەمیشە لارە.
* کلك مشك لە مالی ناوێتە ناردۆ.
* کلکی پیا هەڵنەسپێرم.
* کلکی خۆت ڕاوەشێنە و بڕۆ.
* کوڕ بە مەلەی باوکی ناپەڕێتەوە.
* کوڕت دەم چەفت بێ، زاوات دەم ڕاست بێ.
* کوڕە گەدا مەخەرە تەما، بە چەپێ کەما، دێتە سەما.
* کوڕە کەچەڵ دەگێن و بێ منەتیشی ئەکەن.
* کوڕتان بۆ کێچ ئەکا.
* کورد لە وەلاّم دا دانامێنێت.
* کوردێك و گۆرانێك، شەڕیانە لەسەر مالّە موسوڵمانێك.
* کوڕم کوڕمە هەتا ژن دێنێ، کچم کچمە هەتا ژیان نەمێنێ.
* کوڕی باوکی خۆیەتی.
* کوڕی خۆی سونەت ئەکا و بەسەر خەڵکدا منەت ئەکا.
* کوڕی لاو گەنە دەڕواتە بەر قاپی، پیاوی گەورە باشە قەدری ژن دەزانێ.
* کوڕێکم ئەوێ، گۆ لە مەیدان بەرێ.
* کوز ئەباتە پیری کێردەوە.

* کوز بە قەڵماسنگ پاسەوانی ناکرێ.
* کوز بەر کانی قەدری نییە.
* کوز خۆی نییە.
* کوزە باوانت شێوێ، لە ناکاو بڕێشکەی نەوێ.
* کوزی جیرەی تێ.
* کوزی قەلعەی خەیبەرە.
* کوزی مشتێ پانە.
* کوشتنی میرروو، وورچ تەمێ ناکا.
* کوچك بەر بەلایە.
* کوڵك و موو شی مەکەرۆ، زامی کۆنم بیر مەخەرۆ.
* کونای قنگت قیرین بێ، ناوچاوانت شیرین بێ.
* کوێر بۆ کێر خۆی حساب باش نەگرێتۆ، ڕێی دڵی بەمە زۆر باش نەکرێتۆ.
* کوێر بێ و نەسپێی دەسکەوێ.
* کوێر دەست ڕکێشێ، نەتخاتە چاڵەوە.
* کوێر وتی: کەچەڵ باوەڕی کرد.
* کوێستانی هاوردۆتە بەر گوونی.
* کێ پلاوی خواردووە؟ ئەوەی بچێ بۆ لای بووك.

* کێر خۆی و گەزەر لێك ناکاتەوە.
* کێر لە نێرەکەر داوا ناکرێ.
* کێرە فیلە.
* کێری ئەمرۆ بەقنگی سبەینێ.
* کێری خۆی و گێزەر لێك ناکاتەوە.
* کێری مردووە.
* کیسە کێش، کاوێژ دەکا.
* کیسەڵ تۆ بازت کوا تا گازت بێ.
* کیسەڵ کاروانی کردووە.
* کێچێ میوانی نییە.
* کێچێکی حەوت مەن شیر نەدا.

پیتی (ل)

* لاکەی سەری تێ.
* لای خوا بەرمەدە با لات چۆڵ نەکا، ڕێسوای لای قەوم عەشرەتت نەکا.
* لای ژوورۆ جێی ناکەنۆ، لای خوارۆ دانانیشێ.
* لای مەڕ دۆشان، نەچنە لای کەر دۆشان، بۆ نەختێ ڕۆنی عێشان.
* لایە دنیا قنگی نەبێ....!
* لایە لایە نەزانێ بۆ ناخەوی؟
* لایە لایە دەزانی، بۆچی نانووی؟
* لە ئاستی دا چاوی نووقاند.
* لە ئاسمان ئەستێرەی نییە.
* لە ئاو کێر درووست بووە و فیز نەکا.
* لە با باران نەخێزێت، لە پیرەژن زەوی.
* لە باتی خاسی، گوو بەکراسی.
* لە باسکان ڕۆڕۆیە، هەرکەس بۆ خۆیە.
* لە بان ئەسپێکی، نەسپەکە شێتە.
* لە بەڕوو نانی گەنم دروست ناکرێ.

* لە برسان مردن لە مالّی هەتیو خواردن باشترە.
* لە بچووك خەتا، لە گەورە بەخشین.
* لە بچووك خەتا، لە گەورە بەخشین، بەمانە دنیا وابووە نەخشین.
* لە بنەڕەتەوە شڵۆقە.
* لە تام دەرچووە.
* لە تڕ لۆتی ساز ترە.
* لە ترسی گێرە بووەتە حوشتر.
* لە ترسی مار، پاڵ نەداتە ناگرۆ.
* لە پەڕ نەخوات و لە ناوەڕاست نەخەوێ.
* لە پەشیمانیدا شاخی لێ ڕواوە.
* لە پیاو باشییان نییە.
* لە جیاتی قەوم و قیلە، مالآن نەگەڕێ.
* لە جێی شابازان، کۆر کۆرە وازان.
* لە خۆ ڕازی پێش ناکەوێ.
* لە خۆشیا پێی وەزەوی ناکەوێ.
* لە خۆشیا هار بووە.
* لە خۆم نەکەوتووە، لە چاکی کەواکەم کەوتووە.
* لە خزم و دۆست گلەیی نەکرێ.

* لە خشەی گەلاڵدا دەسڵمێتەوە.
* لە خشەی مار و مێروو دەترسێ.
* لە خوا شەرم نەکا، لە بەنە چۆن شەرم نەکا.
* لە خواردنا هارە و لە لەشیا بیمارە.
* لە دار بەڕووش خۆڵەمێش نەکەوێتەوە.
* لە دەرەوە شیرین، لە ژوورەوە تاڵ.
* لە دەرگا وەرە دەرەوە، چاوم ها بەسەرەوە.
* لە دەم بازە دەرچوو، کەوتە دەم بۆرە.
* لە دڵم نایە بڵێم یارتم، دەست لە بانی دەست خزمەتکارتم.
* لە دوای بۆرە، وجاخ کوێرە.
* لە دوای بای توند، باران نەباری.
* لە دوای تڕین، قسەی بڕی.
* لە دوای ڕووتکردنەوە، جامێ زێر بنێ وەبان سەرتەوە.
* لە دوای گەردەلوول بارانە، لە دوای هەور خۆرەتاوە.
* لە دوای مردن ڕەحمەت باشە.
* لە دوای هیچە ناخ مەکە، کوێرەکانی وە باخ مەکە.
* لە دیوارە کۆنە و ژنی بێ حەیا و سەگی نیهانگیر خۆت بپارێزە.
* لە ڕاستی مەرحەمەت دەباری.

* لە ڕێوە یا لە دێوە؟
* لە زەوی شۆرەکات (تۆ) ناکرێ.
* لە زستان شەوێ، لە پیران تەوێ، ئیتر بەسیانە بۆیان ڕێکەوێ.
* لە سەر مالّم دەدا لە بالّم.
* لە سەرەوە یارە، لە بنەوە مارە.
* لە سەگی هەڵەوەڕ مەترسە.
* لە سەوە وەڕەکەی ئێوارەوە قنگیان دڕی.
* لە سووزن بێ کەسترە.
* لە سوێند زیاتر، بڕوا بە ڕەوشت بکە.
* لە شاخی بشکێنی لە گوێی نەدەمە دەمییەوە.
* لە شاوە کەللەی هێناوە.
* لە شەڕی نەو کەسە بترسە کە چاکەت لەگەڵی کردووە.
* لە شەل هەڵکەوتم، کەوتم بە کوێرا، خوا بەشی منی هەر شەل و کوێردا.
* لە شوێنێك ناخەوێ ئاو بڕواتە ژێری.
* لە شێت ترسین قەدەغە نییە.
* لە شێر ترسان مەنعی نییە، هەڵمەت بێنێ چارەی چییە؟
* لە چۆڵ بۆ ئاوەدانی، لە ئاوەدانی بۆ کوێ؟

* لە چۆڵەوانی دا کەوشە کۆنە نیعمەتی خوایە.
* لە چاوی منەوە لێی مەڕوانە.
* لە چرایەك هەزار چرا ڕۆشن نەبێتۆ.
* لە چوار پادا قورسی هەیە و لە ڕەشە ولاّخا دێزە.
* لە گۆشت ڕانی خۆی بدەرە دەرخواردی خۆی.
* لە گوڵ کاڵتری پێ نالێم.
* لە عەرش تا وە قورش، کەس بەدۆی خۆی نالێ ترش.
* لە عەزرەت تیری کاغەز دەجوێ.
* لە فرە وتنم، لە جگەر سوتنم.
* لە قاری مالّە دراوسێ قنگی خۆی نەدڕێ.
* لە قەمەر بێ هەر چەمەر بێ، چێشت و گۆشتی مشەمەر بێ.
* لە قنگی سەگ سوالّ نەکا.
* لە کۆڵی نابێتەوە.
* لە کاری خراپا، یان نەزان بە، یا خۆت بکە بە نەزان.
* لە کام تەویلەدا دەرچووە؟
* لە کەم، کەم نەکوژرێت، لە زۆر زۆر.
* لە کەوی نەرگرتوو، لە بەهاری نەهاتوو، لە دۆمی ژن مردوو.
* لە کولّە چوار شەمەی مانگ سەفەر سوورترم.

* لە کوولەکەی دەرویش ناو خاڵی تڕە.

* لە لابەلاوە با هێنای.

* لە مازوودا تێ شکاوە، لە سیچکەدا قەرەبووی نەکاتۆ.

* لە مالّی ددا نییە شام دەرۆیشێ، بەسکی برسی سەرچۆپی دەکێشێ.

* لە مالّی زاوا تلیلییە، لە مالّی بووکا هیچ باس نییە.

* لە مانگی جارێ دێتە کار، نەویش دەکا بەژەهری مار.

* لە ماین دابەزی و سوار کەر بوو.

* لە مەردان هیچ عاسی نابێ.

* لە مەلای مەزبوورەیان پرسی: خەڵکی کوێی؟ وتی: هێشتا ژنم نەهێناوە.

* لە مریشکیان پرسی: بۆچی نەقیژێنی؟ وتی: گوێم لە قرچەی هاورێکەمە لە ناو تاوەدا، بۆیە نەقیژێنم.

* لە من بێ بەشترە.

* لە من وایە حوورمەتە، لە تۆ وایە ڕەشوەیە.

* لە نامەرد بترسە نەك لە مەرد.

* لە ناو دەخوا و لە پەڕ دەخەوێت.

* لە نەبوونی هیچ ناکرێ.

* لە هەر کوێ چێشت هەبێ، کوڕە کەچەڵ خزمەتکارە.

* لە هەموو ئاشێ دەکاتە بان.
* لە هیچ شوێنێك ئارام ناگرێ.
* لە هیچ لایەك شوێنی نابێتەوە.
* لە هێلکە دەرچووە، توێکڵەکەی پەسەند ناکا.
* لە وێرانەدا خەزێنە ئەدۆزێتەوە.
* لەبەر قانە.
* لەشت بەناوی توو بێ.
* لەشکر بەسواری دەشکێ، بەسوارێکیش سەر دەکەوێ.
* لەچکەکەم جاوگ بێ، حەوت کەڕەت لکە و ناو، بەو شەرتە شووەکەم لاو بێ.
* لەگەڵ ئەسلاّن هەموو فەسلاّن، لەگەڵ نا ئەسلاّن مەیکە وەسلاّن.
* لەگەڵ براو گورگانخوارد دەبێ.
* لەگەڵ سەگ زۆر بدوێ، پێت ئەوەڕێ.
* لەگەڵ گەورەدا گەورەیە و لەگەڵ بچووکدا بچووکە.
* لەگەڵ مانگا شەڕ ئەکا.
* لەگەڵ مووی بەر لووت خۆیا شەڕ ئەکا.
* لەعنەت لە ڕیشی دڕم، کوڕی کەس نابێ بەکوڕم.

* لەقلەقێ بۆقێکی گرتبوو، وتی: جیق بکەی هەر ئەتخۆم، فیق بکەی هەر قووتت ئەدەم.
* لەم دەرویشخانە هیچ کەرامەتێکمان نەدیووە.
* لەوە بترسە لە خوا ناترسێ، لە پاك و پیس و حەرام ناپرسێ.
* لەوە چەورتر بێ ناخوری.
* لەی لات بردم، لەو لات بردم، خەوەردارت کردم.
* لچی زەوی ئەمالێ.
* لووتی دای لە ئەلهەو.
* لووراندنی سەگ، نیشانەی نەگبەتییە.
* لێرەش بچووکە.
* لێم نایەنە، جێم کایەنە.
* لێمان بووەتە جوکڵ هەمەوەند.
* لێمان بووەتە عەباس میر غەزەو.
* لێمان بووەتە میری سەربڕ.

پیتی (م)

* مۆجگاری تێ نەگەیشتوو، وەسە گوێز بخەی بەدیوارا.
* مۆم دەڵێ: بسووتێم نەك بتوێمەوە.
* مۆنەی داژەنیوە.
* مار ئاوی کە پیر بوو، قورباقە بەکلکی گەمە ئەکا.
* مار ئەکوژێت و بەچکە مار بەخێو ئەکات.
* مار بەو گەورەییەی خۆیەوە، لە کۆڵاژدم ئەترسێ.
* مار تۆپیو نەخاتە بەرپێم.
* مار دەمی لە ئاودا بوو لێی مەدە.
* مار شەش پێچی تایە و هەر بەڕاستیش ئەچێتە ژوورەوە.
* مار لە تووڵە مار باشترە.
* مار لە کوونی خۆی دەرنایە.
* مار لە مااڵت بێ، نەك ئاغا خااڵت بێ.
* مار نەبوو، بەاڵم با مار بێ!
* مار هەیە و مارخۆریش هەیە.
* مارەکەی پیر عومەرە پێچیاوە بە قاچما.

* ماریّ بمگەزیّ ژێر چەنەی سوور بیّ، قەبرم لە قەبری بێوەژنەوە دوور بیّ.
* ماری فیشە فیشکەر، بەدوای مارمێلکەدا ئەگەڕێ.
* ماری مردوو دەگریّ و دەڕواتە ناو خۆڵەمێشەوە.
* مازووی چنی و کۆشی بەتاڵە.
* ماست بڕشیّ شوێنی دیارە، دۆ بڕشیّ هیچ.
* ماسی لە بوارا ئەگیرێ.
* ماسی هەر وەختێ بیگری تەڕ و تازەیە.
* ماش و ئاش بە بەختە.
* ماچی تۆم ناوێ و چڵمتیش لاوە.
* ماقوولّی جێگە بە ماقوولّی دانیشتووەکانیەتی.
* مالّ بە دەمەنە و سەدەقە کەم نابێتێ، بە دزی و حیزیش بۆت کۆ نابێتێ.
* مالّ بەدەستی ژنەوەیە، ژنیش بەدەستی پیاوەیە.
* مالّ برای جان و جان برای گور.
* مالّ تا تەماشای نەکەی مەیسێنە، ژن تا تەماشای نەکەی مەیهێنە.
* مالّ سووتیاو بە مالّ نەبێ، سکەڕۆ بە مالّ نابێ.
* مالّ گسکی دەوێ و گسکیش بەن.

* مالّ کاول کەرە.
* مالّ لە خاوەن مالّ نەچێ حەرامە.
* مالّ لە چالّدا، مالّخۆ لە پالّدا.
* مالّت بە کای سەرملە بێ، هەر پەلێکی کەوێتە جێیەك.
* مالّە و قەسەم خۆر بیبا.
* مالّتان هەر وەك پرسەیە، گان کەری لێ دەرنەچێ.
* مالّم چوو بە مالاّنۆ، ئیتر چووە بە نالاّنۆ.
* مالّم وا لە بێلوو، جووتم وا لە کێلوو.
* مالّمان کردووەتە مالّێ.... خەلەمان کردووەتە چالّێ.
* مالّێ بنەڕەتی قایم نەبێ، زوو نەڕووخێ.
* مالّی بێ نانی، خرمە خرمی بووکانی.
* مالّی بێ حەوشە، وەك ژنی بێ دەرپێ واسە.
* مالّی بێ منالّ، وەکو مەزار وایە.
* مالّی حەلاّلّ لە دەستی خاوەنی ناچێ.
* مالّی خۆم نەدەم مەنێ دوو شایی، خۆیشم نەگەڕێم پرزەی ناوایی.
* مالّی خەلّکان تا لچ کەلّکان، ئیتر ئازا بیدەرۆ دەستیان.
* مالّی دنیا سێ بەشی بۆ خاوەنیەتی و باقی بۆ میرات خۆر.
* مالّی دنیا لە بازووی پیاودایە.

* مالّی دوو ژنە، خۆڵی تا نەژنۆیە.
* مالّی فرە ژنان، ئاو نییە لە کولّەنان.
* مالّی فرە کەیبانوو، خاکی نەگاتە زانوو.
* مالّێکم نەوێ وێرانە بێ، باخەوانەکەی زاو مەرگی نەبێ.
* مامە، مامە، دنیا دەسەوامە، تۆ بۆ من چۆنی، منیش هەر وامە.
* مامەڵە وە مسقالّە، پیاوەتی بەبارە.
* مامر غەوارەی دەست کەوتووە.
* مامر و هێلکە لە یەکن.
* مانگی ئاداری، بەفر دەباری، بزن دەکوژری لەسەر کاری، حسابی مەکە لەسەر زستانێ.
* مایەی مالّەکەم کۆتێ قالّییە، لەملا داینەخەم نەولا خالّییە.
* ماین لە مەیدان، تفەنگ لە شان.
* ماینی دراوسێ نەبێ زوو لەسەری دابەزی.
* مەخۆ شتێ تۆ بخوا، مەکە کارێ لە پێیانت خا.
* مەدحی ڕوو بە ڕوو پیاو نەدا بەشوو، دۆستی سەر زمان بە دوژمن دەرچوو.
* مەڕۆ بۆ مالّ کەس، مەڕوانە حەوشی، بەبێ ئیجازە، پیاوی بێ خەوشی.

* مەرد خەتا ناکا.
* مەرگ بە نۆرەیە.
* مەرگ لەگەڵ هاومالاّ جەژنە.
* مەرگی بێ قەزا و بەلاّ، شوکری خوای نەوێ.
* مەڕمەڕیش پێویستی بە کەستەک دەکەوێ.
* مەڕی ئاوەگی، گورگ نەیخوا.
* مەڕێ گەڕۆڵ، ڕانێ گەڕۆڵ ئەکا.
* مەزهەب چواڕە و کوتەک پێنج.
* مەسینە هەڵگرە.
* مەشکەی ئاغا دەنگی زلە.
* مەشهوورە مەلا سوار هەر کەرێ بێ، لێی دانابەزێ تا گیانی تیا مابێ.
* مەگەر بە کەوچک بەشی بکەن.
* مەکە نە مەدینە.
* مەکری ژنان باری خەرێ، ئەینێن لە خەر، خەر نەبەری.
* مەکری ژنان باری هێسترە، ئەوەی نەیکێشێ ئاقڵە.
* مەل ببینێ وە ئاسمانۆ، وێنەی ئەکێشێ.
* مەل وە ئاسمانۆ وشک ئەکاتۆ.

* مەلا بخۆر بووە.
* مەلا قایم ماڕەم مەبڕە، زۆر نیشتەجێ نیم.
* مەلا لە حورسا، فەقێ لە برسا، مووسایی لە ترسا، دۆم بۆ پەڕۆ، کامیان خۆش نەڕۆ؟!.
* مەلا هەیە و مەلا بەزێنیش هەیە.
* مەلا و قەمە، جێی وەرهەمە، مەیکە بە گەمە.
* مەلای قنگ نەشۆرە.
* مەلی گۆشت خۆر دەنووکی لارە.
* مەنزڵتان شەڕ بێ.
* مەوشن وێڵە، خاوەن عەشرەت و عێڵە.
* مەیە لەلی، مەیە لەلی، لەولاوە نەهاوردیتە تا لەیلاوە بووەی.
* مەیموون بەچکەی خۆی بە بەچکەی ناسك ئەزانێ.
* مرۆگی بەد، هەر بەد تۆ دەکات.
* مرۆڤی ناقڵ دوا ڕۆژی لەبەر چاوە.
* مرۆڤی سووتاو لە ئاگر ئەترسێ.
* مرۆڤی موسڵمان بەبێ دراوسێ تێر نابێ.
* مردمە و کفنم بکە.
* مردن باشترە لە تەڵەبی ژن.

* مردن هەر جارێکە.
* مردوو بەشیوەن زیندوو نابێتەوە.
* مردوو بێ کفن ناچێتە دەرۆ، تۆیش کەست بێ شت مەکە دەرۆ.
* مردوو دینی نییە.
* مردوو لە گۆڕ نایەتە دەرۆ.
* مردوو ناشۆرێ و بەربووەتە زیندووەکان.
* مردووە و بەشی زیندوو دەخوا.
* مردووی بەناموس، نەک زیندووی بێ ناموس.
* مردووی خەڵک لای خەڵکی تر مردووە.
* مریشک بە ناچاری لەناو پیازا هێلکە ئەکا.
* مریشک سەری بگاتە پاشایی، هەر چاوی لە تەنەکەی زبڵە.
* مریشک هەر چەندە قەڵەو بێ، قنگی تەنگ دەبێ.
* مریشکی بە پەلەوە بەقورگییەوە ناچێ.
* مزگەوت بڕوخێ میحرابی نەمێنێ، ئاساری چاکە هەر جێی نەمێنێ.
* مزگەوت جێگەی کەر بەستنەوە نییە.
* مشت بدەی لە دیوار دەس خۆت ئێشی پێ نەگەیەت.
* مشت لە مشت نەگەڕێتەوە.
* مشتەی ناو هەوانەکەی.

* مشك حەزی زۆر لە ئاردە.
* مشك و عەینەك!.
* مشك وتوویەتی بە مار: لە تۆ گاز و لە من باز.
* مفتەخۆر خۆش سەلیقەیە، ژیر و ژۆڵە و حەواسی جەمە.
* مل بەرزکردنەوە هی پیاوی مەردە.
* من ئەیکەم و تۆ بی پێوە.
* من ئیشی خۆم کرد، تۆش هەر بدە لە سکی خۆت.
* من بۆ تۆ مردم و تۆش بە گووی سەگ حسێبمان ناکەی.
* من بەرزت ئەکەمۆ خوا خۆی بتباتۆ، لاچۆ لە لاما، شکڵت بخواتۆ.
* من پێگەیشتم، تۆ حەسایتۆ.
* من خۆم پیرێکم یاخی بە یاخی، خاتوون نیشانەی پیریم ئینا جە شاخی.
* من دەرمان ڕەوانی ئەخۆم و خاڵۆم ژەوان ئەبێ.
* من شەرتە شوان نادەم، ئەوان داوای پاڵامزم لێ ئەکەن.
* من چی بکەم لە خەجێ خان بۆ قاوەچی ئەوەستێ.
* من چی دەڵێم، تەمیرەکەم چی دەڵێ.
* من عەرەب و تۆ عەجەم.
* من قاچاخی ناکەم، ئەگەر کردم، بمبەن بۆ شێتخانە!

* من کەبیستم ناوی مەرگی تۆ، هیچ فەرقی نییە پاس بێ یان درۆ.
* من کەفیل خەسار کەس نیم.
* من کردم بەکزە کز، ئەو بردی بەزەبری کوز.
* من کوڕ خۆم ئەبم، نێوەش کوڕ خۆتان بن.
* من لەم بەرۆ و تۆ لەو بەرۆ، هەردووکمان سووستاین لەبەر خۆرۆ.
* من لەم داوە دەرناچم، مەگەر ڕا بکەم بەقاچم.
* من مانگم بۆ خۆش بێ، ئەستێرەم بۆ چییە.
* من مانوو بووم، تۆ ئای ئای ئەکەی؟... من زەحمەت ئەکێشم، تۆ کایە ئەکەی؟.
* من مەنگوڕم بۆیە ئەخوڕم.
* من مردوو تۆ زیندوو.
* من من و تۆ تۆ مەکە.
* من هەمە نۆ کوڕ و کچێ، تۆ هەتە کوڕێکی سەر قەویلە.
* مناڵ سامانی هەژارە.
* موریدێ کەر لە شەش دانگ مولّك خاسترە.
* موشکیلە نییە کە ئاسان نەبێ، پیاو ئەو کەسەیە هەراسان نەبێ.
* موورووی دراوسێ بدزی، مەگەر بەشەو بیکەیتە ملت.
* موری کوندار لە زەوی نامێنێ.

* مووی لووتی لار دەرچێ لەبن ئەیبڕێ.
* میخ سندان با ئەیبات، و کوروکە تۆسی ئەدەنە بەری.
* میرات خۆر، دەست بە خەنجەرە.
* میردەکەت توند بەسینگەوە بنێ و گوێ بەکەس مەدە.
* میردی خراپ لە برای بێ ڕەحم چاکترە.
* میردی ژنی بە ناموس، هەمیشە سەربەرزە.
* میز بە جەوەنەی ئیمام حسێن دا ناکا.
* میزی کەف ناکا.
* میش پیس نییە، مەعیدەی پیاو تێك نەدا.
* میش دەنووسێ بەپیسییەوە.
* میشەنگ بە ڕۆژێك هەنگوین دروست ناکا.
* میگەلێ شوانی نەبێ، گورگ دەنیشێتە ناوی.
* میوان ساتێ جاسووسی سەد سالّە، ئەمە تەجروبەی ساحێو کەمالّە.
* میوان مالّ خۆیەتی.
* میوانی فرە خانەخوێ لە برسا ئەمرێ.

پیتی (ن)

* نۆك لە دەمی دا نافیسێ.
* نۆکەری بێ خەلآت و بەرات تاجی سەری ناغایەتی.
* نۆکی کلۆك، هەموو دگانێکی لێ گیر نەبێ.
* ناخۆشی جوان، وەسە دڵۆپەی بان.
* ناخۆم کەلانە و نارۆم لەگەڵ ئەو ڕانە.
* نارنج و لیمۆ خەتی شەمامە، دڵەکەی تۆ چۆنە منیش هەروامە.
* نازانم بەکام سازت سەما بکەم.
* نازانم بەکام سازت هەڵپەڕم، لە حەنای ئەمرت کە کوێر و کەڕم.
* نازانم بڕوا بەقەسەم حەزرەت عەباس بکەم یا بەکلك کەڵەشێرەکە.
* نازانم و ناتوانم و نیمە، کەم کەس ئەتوانێ بیڵێ.
* ناشارەزا وەکو کوێر وایە.
* نافیعە بۆ چاو، ڕافیعە بۆ ئێش، دیداری دۆست و سیلەی قەوم و خوێش.
* نان ئەخۆی بینێ بەسەر سفرەی جوان، مەینێ باوشت هەر وەکو شوان.
* نان ئەخۆی لەگەڵ کوێرا، خوای خۆت بنەزەڕ بێرا.

* نان بەتەنیا ناخوریّ.

* نان بەناو چاوە.

* نان خۆم و کووزەلّەی کانی، میوانی هەی میوانی.

* نان گەنم خواردن، سك پۆلاّینی ئەوێ.

* نان کە گەیی بە ناوکی، نۆکەری گرت بۆ باوکی، کەوا ئەکا بۆ دایکی.

* نان مەدە بەتێر، بەرگ مەدە بەکوێر.

* نان نان گەنمە و دین دین موحەمەد (ص).

* نان نانی مەلایە و بارەکەلاّی مەلا ژن.

* نان و پیازیش بێ و قات و نیازیش بێ.

* نان و دۆ ئەخۆم، نان بێ دۆ ئەخۆم، ئەو نانە خۆشە لەگەلّ تۆیا ئەیخۆم.

* نانت گیرا ناو، ئاوت گیرا جاو.

* نانش بەگۆشی ژاوان!

* نانی سەرمایەداری ئەخوات و جووتەی کۆمۆنیستی ئەوەشێنێ.

* نانی مادە، بەگەرمی تیکەی لێ بادە.

* نانی نییە بیخوا، نانەوا دەگرێ.

* نانی وەرد لەسەر بەرد.

* ناو گەورە، ئاوایی وێران.
* ناو و نیشان پەڵە هەورە.
* ناوبژی کەر دڵی گوشادە، شەڕکەر دڵی تەنگە بادە.
* ناوی چووەتە کۆرەگەی ئاسیاو.
* ناوێرێ فزە بکا.
* نە بار بەرت جاش بێ، نە منالّت وێڵداش بێ.
* نە باوەڕ بەشەڕی ژن و مێرد بکە، نە بەشەڕی بووك و خەسوو.
* نە تووتنی شاور، نە مەرحەبای گاور.
* نە پیاوی بەفیز، نە تووتنی جێ میز، نە کچی دایك حیز.
* نە پێلاّوی تەنگ، نە ئەسپی کۆنە لەنگ، نە مالّی بەجەنگ.
* نە خواردەم نە بردەم، گوو ئەکەنە گۆڕی مەردەم.
* نە دۆستایەتی دۆمان، نە مولّکایەتی چۆمان.
* نە دەرزیم بشکێم، نە ئاوم بچم بە عەرزا.
* نە دوو ماین لە دۆڵێ، نە دوو ژن لەسەر کەمۆڵێ.
* نە گوڵی گەنمی دیوە و نە چەقەنەی ئاش.
* نە لە پدەرم نە لە مادەرم، گیزەڵّە گونێ بووەتە برادەرم.
* نە نە! وا لەلای چۆڕا.
* نە هۆگری پەری بە، نە هاوڕێی سەرسەری بە.

* نە هارم نە هۆرم، شیوەن لە دەور گۆرم.
* نە هەورە و نە سایە، ئاسمان بەخۆی وێسیایە.
* نەپرژم هەیە و نە بان، چیمە لەسەر مان و حان.
* نەخۆش عەقڵ و فکریشی نەخۆشە.
* نەخت لە بەختی بردۆتەوە.
* نەخشینی بێ پۆشین، ساکاری شەدەلاری.
* نەخێری دی نەخۆشی، دایم ئەسووڕێ وەکو تەشی.
* نەدرۆ بکە و نە گووی زیادە بخۆ.
* نەزان ئێمەین و زانا خوایە، هەموو کارێکمان لە دەس ئەوایە.
* نەزان وەك منان وایە با گەورەش بێ.
* نەگبەتی ڕوو بکا لەهەر کەسێ، ناپرسێ لە ژین و ژیانی خاوەن مان.
* نەعلەت لەوەی خاڵۆی خۆی ناناسێ.
* نەفرەتِ لەو کەسەی کۆجتی کرد.
* نەمام نەی بەستی، چوت و چێڵ دەرئەچێ.
* نەوێ شام شەوم، بوێ چرای چەوم.
* نەیهێشت میز بکات، خۆی پیس کرد.
* نرخێکە و شا عەباس بڕیویەتیەوە.

* نەمەك بەحەرام مەبە، نان و نیعمەت نەتگرێ، نەگبەت هی نەو کەسەیە نەسیحەت وەرناگرێ.
* نوێژ کۆڵەکەی دینە.
* نوێژ کە هەمیشە نوێژ مەفەوتێنە، وەزیفەی تۆیە باش بەجێی بێنە.
* نوێژ لەسەر داوێنی بکە.
* نوێژ میعراجی موسوڵمانە.
* نێتم هێنا و نوێژم نەکرد، نوێژم کرد و نێتم نەهێنا.
* نێرەی بێ کێرە.
* نیشان بگرە و تیر بووەشێنە.
* نیشانەی هەلاەمەت پژمینە، نەوەی تووشی بێ خەمینە.
* نیعمەت حورمەتی زۆرتر لێ بگری، بەهرەی زۆرتری لێ وەرنەگری.
* نیوە تێری لە برا مردن خراپترە.
* نیوەی بووخت ڕاستە.
* نیوەی دنیا بەبووختان سووتاوە.
* نیوەی دنیا بەبێ قنگ نەسووڕێتەوە.
* نیوەی گەمە ڕاستە.
* نیوەی هەزار پێنج سەددە.

پیتی (هـ)

* هۆزی هەمانە لە پشت، نێمە بەخوا و نێوە بەگشت.
* هات بخەوە، نەهات بخەوە.
* هات کەلای حسێنە، نەهات تسێن تسێنە.
* هات وە گوونـمەوە، نەهات وە کێرمەوە.
* هاتینەوە بۆ سەرەداوەکە.
* هارەی قنگی تێ.
* هالاوی لە پلاوی خۆشترە.
* هاوار بۆ ئەو کەسە فیرعەون پێی بڵێ کافر.
* هاورێ لە ڕێت نەوێسا، با ئەو بڕوا، کە ئەو بەخەم تۆ نییە، تۆیش بـە ئەو مەکە بڕوا.
* هاورێ: یا نامۆزا، یا هاوزاوا.
* هاوزاوا بگەن بەیەک، قنگیان ئەخورێ.
* هاوسێ وەزەنی مەکە.
* هاوین هاوینێ دەکا، زستان حسابی خۆی دەکا.
* هاوینە ئاوێنە.
* هەباسە، لە دیوانا چ باسە.

* هەتا نەچمە گۆڕێ، لێم نەگۆڕێ.
* هەتا تۆ نەو کارە نەکەی، کلکی حوشتر نەگاتە زەوی.
* هەتا جەرەیەك نەشکێ، هەزار گۆزە لە دەوری نەگەڕێ.
* هەتا خوا هەق نەکا، دڵ تەق نەکا.
* هەتا چاوت بەماڵی دنیاوە بێ، ناگات لە مردنی خۆت نییە.
* هەتا لەسەر دەست نەڕۆین، قەدری پێمان نازانین.
* هەتا مردن کردن، دوایەکەی بەقنگا بردن.
* هەتا مردن، کردنە.
* هەتا نەبوو تێر، نەیووت سوێر.
* هەتا هەوراز نەکەوێتە پێشت، قەدری نشێو نازانی.
* هەژار بە ئاو و سووتەمەنیش هەر هەژار.
* هەژار سێبەری ناخۆشە.
* هەژار وە قومێ ئاو کەوتە مەلە.
* هەر داری بەری نەبێ، خەڵك بەردی تێ ناگرێ.
* هەر دایکی کوڕە، شەوانی شڕە.
* هەر دەوەنە کە ئەبێ بەدار، لە سایەیا ئەحەسێتۆ هەژار.
* هەر دێی لە قەڵا، ناوت لێ دەکەم بە بەڵا.
* هەر ڕاوێ ئەکەی چاوەڕاو مەکە، خۆت تووشی بەڵا و دەرد مەکە.

* هەر سکێ ببەهارێکە.
* هەر شتێ لە قازانگدا بێ، بە کەوچک دەردێت.
* هەر چۆن ئەیخەی وەک پشیلە، هەر بەقاچ ئەنشێ.
* هەر چاومان عەیبی هەیە، ئەویش بەکل چاک ئەبێتەوە.
* هەر چەند ڕەش بشۆی، بەدیمەن شۆرە، ناوەکەی سپی، دەشتەکەی بۆرە.
* هەر چەند قژی خۆت بخورێنی، زیاتر قژت ئەوەرێ.
* هەر چەند کوڵە، بەلاّم فێنک دڵە.
* هەر چەندە پیرە، حورمەت گیرە.
* هەر گیانداڕێ جەرگی تەڕ بێ، خێری پێ ئەشێ.
* هەر عەقڵێ لە خەساڕێ.
* هەر کەس ئەڵێ وای نەفسم.
* هەر کەسێ ئەیەوێ بەهەشت بنۆشێ، ئەوسی کوێر بکا و سڕی داپۆشێ.
* هەر کەسێ ببیستێ دەنگ و داومان، قەت بار ناهێنێ بە ئاسیاومان.
* هەر کەسێ بترسێ لە کوشتنی خۆی، مردن لە ژیان زۆر باشترە بۆی.
* هەر کەسێ پیرێکی نەبێ، سیرێ ناژی.

* هەر کەسێ دەس بۆ دەمی خۆی دەبا.

* هەر کەسێ دەمم لێ کاتۆ یا دەس، حەوالّەی ئەکەم بە کەسی بێ کەس.

* هەر کەسێ کەرێ بباتە سەربان، ناتوانێ بیهێنێتە خوارۆ بەئاسان.

* هەر کەسێ کیلۆیە نانی خوارد، ئەبێ چارەکێ عەقڵی ببێ.

* هەر کەسێ لە دەم تۆ نەترسێ، لە خوا ناترسێ.

* هەر کەسێ لە شەڕدا بەشدار نەبێ، خەنجەری تیژە.

* هەر کەسێ یاری نییە، مەدەد کاری نییە.

* هەر کەللەیەك ئاوازێکی تایە.

* هەر کردەی ئێمە و بردەی شەیتانە، مەنعی کەس نەکەی خەتای خۆمانە.

* هەر مل دریژێ حوشتر نییە.

* هەر هاتنێ حەتمی بێ، نزیکە.

* هەر یارێ یار بێ، تۆی بەدڵ نەبێ، مەیلی مەدەرێ، گەر نووری چاوت بێ.

* هەرایە لەو خوارە.

* هەردوو پێی بووەتە تەڵەوە.

* هەرزن و بزن چیایە مەزن.

* هەرچەن گاڵێن، زەواد ماڵێن.
* هەرچەن نەخۆش و بەهیوای جاوم، لە حەیبەت تێری کاغەز ئەجاوم.
* هەرچەند برا شوانە، خوشك هەردەم چاوەڕوانە.
* هەرچی با کردی بە دەوار، دەواریش کردی بە با.
* هەرچی بترسێ ناخەلسێ.
* هەرچی خۆی دا بەبێگانە، تڕ تڕەی کەوتە هەمبانە.
* هەرچی گا بیکێلێ، گا نایخوا.
* هەرچی لە کاسە دا بێ، بە کەوچك دەردێ.
* هەرچی لە کانی دڵتۆ دەربێ، جێی خۆی ئەکاتۆ.
* هەرچی هەوڵم دا بگەم بە پایە، مایە و دەسمایەم گشت چوو بە زایە.
* هەرچییەکت تا ئیسە کردووەتە کاسە، ئیسە و بیلا بیکەرە کەوچك.
* هەرچییەکمان پێ بکا ساحێو دەسەلآت، ئەبێ بپارێنەوە خراپتر نەکات.
* هەرگیز مەبە بە دەمتەڕی سیا دڵ.
* هەرکەسە و منی خۆی.
* هەرمێ گوڵاوی، پەنە مەیاوی.
* هەزار ئەکەم، حەڵآڵ ئەکەم.
* هەزارم بمرێ لە زاوا، بێسانم نابێتە ساوا.

* هەس بێ و بەس بێ.
* هەسان ئەدا لەبن پێی.
* هەق بە هەق، نانێکی ڕەق.
* هەلاوێك لە پێلاوێك خۆشترە.
* هەڵدەسێ گورگ دەیخوا، دادەنیشێ ئاو دەیبا.
* هێڵس و کەوت مەکە لەگەڵ ناکەسان، ڕەنج هەزار ساڵت ئەڕوا بەتاڵات.
* هەڵکەوتووە ڕۆستەمانە، وە قاچ کەڵەشێر، وە ڕەنگ دۆمانە.
* هەڵهەڵە ئەکەم، چاوی دوژمن کوێر ئەکەم.
* هەڵهەڵە، زاوا کوێر و بووك کەچەڵە.
* هەم لە بان تۆم دی، هەم لە خوار تۆم دی.
* هەم لێفەیە و هەم دۆشەك.
* هەموو بۆنێك، هۆیەکی هەیە.
* هەموو پێوانەکانت بۆ من باس مەکە.
* هەموو جوانێ عەیبێکی هەیە.
* هەموو ڕۆژێ مەلا حەسەن ژن ناهێنێ.
* هەموو ساڵێك ژنت کچ بێ، هەموو ماینێکت جوانی لەگەڵ بێ.
* هەموو فێڵێ لە ژێر سەری گا پیرە.

* هەموو کەسێ پشتی دێشێ، غیرەت داس دەکێشێ.
* هەموو کوونێ، کوونی دەست پیاکردن نییە.
* هەناسە بەلووت ئەدا.
* هەناسە نادا.
* هەنەر و مەنر، ئەم لە ئەو بەتەر.
* هەنجیریش دەخەوا و درۆش دەکا.
* هەندێ باوەژن خوا ناناسێ.
* هەندێ جار ڕاکردن لە شەڕا کەڵەمێردییە.
* هەنگاوی چەواشە، بەلاّت بۆ ئەهێنێ.
* هەواڵەی خوای بکە.
* هەوای بەرم داویە لە سەرم، مەگەر ئێوە بن بکەن چارەسەرم.
* هەویر خۆمان داوەتە تەنوورۆ.
* هەڕ لە بڕەوە ناکا.
* هێدی هێدی وەرەوە، شەل بنێ بەلای کوێرەوە.
* هێستر وەختێ زاو کێکف هاتە بەر، ئەوسا نەبینێ لبالاّی سنەوبەر.
* هێشتا بەکلاّشەوە لە ناوت نەداوە.
* هێشتا ژنەکەی کفنی زەرد نەکردووە، داوای ژن نەکا.
* هێشتا شەقەی قەڵماسنگی نەبیستووە.

* هێشتا لە کوز دایکی نەکەوتۆتە خوارەوە.

* هێشتا من نەترپیمە، ئەو داوای بەش ئەکا.

* هێشتا ها بەخۆیەوە.

* هێشتا هەر کچە.

* هیچ کەسێ نالێ کەسێ لێم زیاتر بێ، هەر باوکە و دەڵێ: کوڕم لە خۆم چاکتر بێ.

* هیچ نەوتن لە قسەی بێ جێ باشترە.

* هێلکە لە قەل نادزرێ.

* هێلکە وەبن باڵ ئەبرژێنێ.

* هێمن و ئارام بە، تێر لە ژیاندا ئەنووی.

* هێندە بڵێ، یەك و دوو تەواو بوو.

* هێندێ کەس نازار و ڕژدن لە شەڕێ...هەتاکو لێیان وەڕاست دەگەڕێ.

پیتی (و)

* وا ئەزانێ ئەملای ناوە بەولاوە.
* وا بزانە ئاو بردوویەتی.
* وا سالێ گا گووی نەکرد.
* وا نازانێت مێشێ میوانیەتی.
* واز نەهێنی، شایەکەتان بێ دەهۆڵ ئەکەم.
* والێ مەگیرە بەهانێ، هەڵوا مەکێش مەبیانێ.
* وایان داناوە پیاوانی دانا، کۆسە چوو بۆ ڕیش سپێڵشی دانا.
* وە بێ تەپڵ هەڵنەپەڕێ.
* وە پاوە ئەترێ.
* وە کوزی کچێنی میز ئەکا.
* وە نوێژ و ڕۆژی نییە.
* وەحە گاکەی هەموومان.
* وەختای بگرەوی چمان مەسم نەمەندەن.
* وەختە زیرە بکا.
* وەختێ بەخت لار بێ، دەڵەمە دیان ئەشکێ.
* وەختێ دەس نادا نان و شلکێنە، شوکرکە و بیخۆ و حیمار خنکێنە.

* وەختی کل و کار ئەمانکەنە یار، وەختی چز و مز ئەمانکەنە دز!
* وەرە مەمرە لە داخا، گەوج ئەڵێ جێگەمان ڕاخە.
* وەرزێر مانگ و ساحێو کار ناڕازی!
* وەسە ناسیاو ناو کەفتگ.
* وەسە تریشتە، هەر بەرەو خۆی ئەیتاشێ.
* وەسە پەنج ڕۆژەی تار، لە سەر هیچ حەساوێ نییە.
* وەسەر کۆنەیا ناردی.
* وەسەرەڕا کەوتم، وە جلەگا خەوتم.
* وەشلێم پەنەت.
* وەک دەمانچە دایم لەسەر پێیە.
* وەک زێڕ ناو خاکە.
* وەک گەرد و تلیاک، قومار و دامە، کەی کاری پیاوی نازا و بەفامە.
* وەک گورگ بەدەم خشەوە دەڕوا.
* وەک قاتر قەمتەری نەکات.
* وەک کلکی سەگ چل ڕۆژ لەناو قامیش دا بێ، هەر چەوتە.
* وەک کولەکەی تەڕە گڕ ناگرێ.
* وەک مەنجەڵی شیر سەرقاپ دراوم، وەک گۆشتی قەساب لە قولاب دراوم.

* وەك هێستر هەجیجی خۆشەویستە، لە تووڕەکە ئەخوات و لە ئاخوڕیش.

* وەکو مار واسە، پێی لە سکی دایە.

* وەکو مازوو چنەکەی پاشوول کوون بووە.

* وەکو مام جەژنی لە هەردوو جەژن بوو.

* وتن ئەگەر خۆی نوقرەیە، نەوتن تەلاّیە، چوون وتن باعیس دەرد و بەلاّیە.

* وەنەوشە ملی لارە لە حەنات، خەجالّەت ئەیگرێ بۆنی بێ لەلات.

* وەوی بن مالّی قورپی نییە.

* وەی بەرم، وەی بەدوام.

* وتی: گا زەرد، من قین و تۆ قین، بزان ئاخری کامان ئەیوەینۆ!

* وتی: گەواد ڕیشت بگرم دنیات پێ گێرە ئەکەم، وتی: ڕازیم، چونکە تۆیش لە گەلّمای.

* وتی: کاسە بۆ کوێ دەڕۆی؟، وتی: بەشوێن کوچەلّەدا.

* وتیان بە پیاوێ: دەولّەمەنی؟ وتی: کوڕم هەیە، وتیان: نانتان هەیە؟ وتی: کۆلّە بەسم هەیە و ناوەینام هەیە.

* وتیان بە شەیتان تۆ بەو هەموو سوورەتە جوانەوە، بۆچی باشیت نالّێن؟ وتی: مەگەر قەلّەم بەدەس دوژمنەوە نییە؟!.

* وتیان بـە شـەیتان تـۆ کێـت زۆر خـۆش نـەوێ، وتـی: دەلاڵـم زۆر زۆر خۆش نەوێ، من درۆکردنم فێر کردووە، ئەو سوێندیشی لەسەر نەخوارد.

* وتیان بە گورگ: نۆرە ڕانتـە، وتـی: پـام کوتیـاوە، لـە خۆشـیا بـڕوای نەکرد.

* وتیان بە قرژانگ: بۆچی بەلارۆ ئەڕۆی؟ وتی: بۆ جوانـان هـیچ عـەیب نییە.

* وتیان بە کابرایەک: مریشک چەن پەراسـووی هەیە؟ وتی: لە ئەمنیـەی زەمان ڕەزا شا بپرسن.

* وتیان بە کەرۆێشک: بۆچی تۆ لە تانجی زۆرتر ڕا ئەکەی؟ وتی: من بـۆ نەجاتی خۆم و ئەو بۆ تەماح ساحێوەکەی.

* وتیـان بـە کەرۆێـشک: بۆچـی ڕا ئەکـەیت و لا ئەکـەیتۆ؟ وتـی: بـۆ دووربینی دوایی وا ئەکەم.

* وتیان بە کەچەڵ: شایی خۆشە یا شیوەن؟ وتی: هـەرکامیان چێـشت و گۆشتی زۆرتر بێ.

* وتیان بە کیسەڵ: زەماوەنە، وتی: نە دەس و دەم پلاۆ خواردنم هەیە و نە پای هەڵپەرکێ.

* وتیان بە منالێ: سەر شـووتییە کۆڵـە، دەسـتی کـردە گریـان و وتـی: شووتی نەخۆم.

* وتیان بەکەر: کرمانج، لە داخا حەوت ڕۆژ جۆی نەخوارد.
* وتیان دزی شەو ئازایە یا هی ڕۆژ..؟ وتی: ئەوە ئازایە بە دەس خاڵی نەگەڕێتەوە.
* وتیان: فلاّن کەس پیاوێ خراپە، وتی: دراوسێیەتیت کردووە.
* وجاخ کوێر جەرگی ناسووتێ.
* ورچ بێ کار بێ، تووکی خۆی نەڕنێتۆ.
* ورچ بێ و کچ بێ.
* ورچ لە کوونی خۆی دەنگ ناکا.
* وشتر بە بارەوە گوم نەوێ.
* وشتر و پلیکان؟
* وشکە وەردم کرد، تەڕەکاڵ سەوز بوو.
* ولاّت هەی هەیە و کۆسە بەڵمەڕیش.
* ولاخ بەسەرا نەچێتە مالۆ، بەقنگا نەیەهنە مالۆ.
* ویتە ویتی تەواو بوو.
* ویرە ویر نەکەم، ناو لە شیر نەکەم.

پیتی (ی)

* یا باوکت کێری هەڵساوە، یا دایکت ساوەری نەماوە.
* یا خودای گەورە، یاوێك و تاوێك.
* یا کاغەز بڕیان یا مەڵاّ مەردەن، یاخۆ عارتەن دۆس وە یاد کەردەن.
* یاخوا نەگەر ژن دۆسی بێ، دۆسەکەی ژیر بێ.
* یاخوا ئەم خشە خشە هەمووی شیر بێ.
* یاخوا بە کوڕی کەس نەڵێن ئازا و بەکچی کەس نەڵێن جوان.
* یاخوا تاقانە بێ بەرەکەت بێ.
* یاخوا دووکەڵم نەچێتە چاو کەسا.
* یاخوا ژن قنگ نەکاتە شەق.
* یاخوا قەزا هات لە قاپی گەورەکە کەوێ.
* یاخوا کای کۆنە ئاگری تێبەر نەبێ.
* یاخوا میرووڵەیەك بە دوژمنت نەبێ.
* یاخوا هیچ ژنێ داوێن خۆی لێ نەوێتە دوژمن.
* یار باقی و سوحبەت باقی.
* یارۆ وەسە، گای مارۆ.
* یاری کتك و مشکە.

* یاسین بەگوێی کەڕا خوێندن هیچ سوودی نییە.
* یان ئەدەی بەرتیل بە کێرم، یا باوکت لە قەور دەردێنم.
* یەك و دووی لێ مەکە.
* یەکێ مرد، شەیتان دەستی لێ نەشۆرێ.
* یەکێ نە کۆنی هەبوو نە تازە، ئەیانوت بە لەشی ساغیا بدرێ.



کۆتایی و وتەیەک

وەکو لە بەرگەکانی تردا باسی کۆکردنەوەی پەندەکانم کردووە، نامەوێ زۆر باسی بکەم و دووبارەی بکەمەوە، ئەم سێ کتێبەم وەکو سەرچاوە بەکار هێناوە بۆ ساغ کردنەوە و ڕاست کردنەوەی پەندەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشی منە زۆربەیان جیاواز بوون و هەندێکیشیانم وەکو خۆی هێناوەتەوە سەر ڕێنووس و بەزمانی خۆمانی گەرمیان دام ڕشتووە.
لە کۆتاییدا هیوام وایە بەدڵتان بێ و لە کەم و کورتی ببووورن.

١- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ناوچەی کەرکووک دا، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی (٢٠٠٨).
٢- پەندی پێشینیان، کەلەپووری کوردی، کۆکردنەوەی: محەمەد عارف موددەڕیسی.
٣- پەندی پێشینان لە ناوچەی پشدەردا، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕێبوار جەمال (٢٠٠٨).
٤- دەستووسێکی خۆم.

کاروان عوسمان خەیات

کەلار/ ١-٦-٢٠٠٩



★ ئای لە دەس بەخت و تاڵەی ناخاسم، لە ئەزەل کۆتا بڕیا لیباسم.

★ ئەگەر بەختەکەم چاك و خاس ئەبوو، نیشانەی چەپم لای ڕاست ئەبوو.

★ ئەگەر بڕوا ئەکەی بەمنی فەقیر، بە عەشقی ژنۆ خۆت مەکە زنجیر.

★ ئای لە دڵەکەم چەن بێ عارە، دایم وە تەمای ژنی شووردارە.

★ ئەگەر من گوتم: دادە، تۆ بڵێ: کاکە، تا خەڵکی بڵێن: چەن دڵیان پاکە.

★ ئەگەر کەڵ کوژی کەڵ وا لە هەردە، ئەگەر ژن خوازی دەس لە ماڵ بەردە.

★ ئەوانە سەر و قنگ لە کلاشێکن، با ڕەنگاو ڕەنگن، لە قوماشێکن.

★ بۆ کەسێ بمرە پەرێت مەردە بۆ، ئەو لە تۆ زیاتر ئیمان هەردە بۆ.

★ ئیتر لەم هات هاتە با بەس بێ، من بۆ عەشقت مردم و کەس نانێ بۆ.

★ ئەگەر من مردم وەی ئازاردە، یاخوا کلاشە منت وە داردە.

بەرگ: کاروان عوسمان

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ(٣٠٠٠) دینارە